

# ماندێللا..

## ڕێبازێکی سپی لەکیشوەرێکی ڕەشدا



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەنووسێت

asidiq1962@yahoo.com

که ئەو هاتە دنیاوە تازە بەتازە جیهان تەپوتۆزی چوار ساڵەی جەنگیی یەکەمی جیهان لەخۆی دەتەکاندو، هاتنی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ و، هاتنەئارای ئاشتییەوە.
کە ئەو هات بەدەنگێکی بەرز گوتی: (نا)بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ و زیندانیی کردنی ئازادیی.
ئەو گوتی: (نا)بۆ رەگەزپەرستیی و هەر بیرێکی چەوسێنەر، (نا) بۆ سیاسەتی فریودان، کۆیلەکردنی مرۆڤ و، (نا) بۆ ستەم، زوڵم، داگیرکاریی و پەراوێزخستن و دەمارگیریی و خوێنڕشتن.
ئەو کە خەمی گەورەی خەمی مرۆڤایەتیی بوو، کە دەیبینی جیهان گوێی لە هاواری چەوساوەکان نییە، دەیگووت: (من لەنێوان دوو جیهاندا وەستاوم، جیهانێکی مردوو، جیهانێکیش کە توانای لەدایکبوون و هاتنە دنیای نییە).
ئەو بڕوای وابوو کە باشترین پێوەرێك بۆ دادپەروەریی هەر دەسەڵاتێك ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت مامەڵەیەکی مرۆڤدۆستانە لەگەڵ هاووڵاتییانی کۆمەڵگەکەیدا بکات، هەر لەبەر ئەمەش ئەو زۆر دژی چەوسانەوەی مرۆڤ بوو لەلایەن مرۆڤەوە، بۆ ئەویش هیچ جیاوازیی نەبوو کە ستەمکاران لەچ ڕەنگێکن، بۆیە دەیگوت: (من قینی زۆرم لەنەژادپەرستیی و نەژادپەرستانە، جا ئەوانە سپی پێست بن یان ڕەش پێست).
(نیلسۆن ماندێللا) دۆستی ئازادیی و ئازدیخوازان بوو، ئەو دەیزانی کە ئازادیی مافێکی رەوای هەموو تاك و کۆمەڵێکەو، ئازادییشە کە وەك یەکێك لەو پێوەرانەیە کە ئازایەتی هەر دەسەڵاتێك دەخاتەڕوو لە بواری ئازادییە گشتییەکاندا، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئازایە کە ئازادیی لە کەس زەوت ناکات.

**(نا)بۆ ڕەگەزپەرستیی و هەر بیرێکی چەوسێنەر، (نا) بۆ سیاسەتی فریودان، کۆیلەکردنی مرۆڤ و، (نا) بۆ ستەم، زوڵم، داگیرکاریی و پەراوێزخستن و دەمارگیریی و خوێنڕشتن**

**باشترین پێوەرێک بۆ دادپەروەریی هەر دەسەڵاتێک ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت مامەڵەیەکی مرۆڤدۆستانە لەگەڵ هاووڵاتییانی کۆمەڵگەکەیدا بکات**

**مافێکی سەرەکی و خوا پێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، بە ئازادی و لە ئازادییشدا مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات**

**کە مرۆڤێک بەزمانێک دەدوێنیت کەلێی تێدەگات دەگەیتە ئەقڵی، چونکە زمانی خۆی نییە، بەڵام کە مرۆڤێک بەزمانی دایک دەدوێنیت دەگەیتە دڵی**



ئەو جاری ئەوەی دەدا کە ئازادی مافێکی سەرەکی و خوا پێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، بە ئازادی و لە ئازادییشدا مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات، بەڵام لەژێر چەپۆکی قورسی هێز و زەبر و زەنگ و سوپا و پۆلیسدا مرۆڤەکان دەمرن و دەسەڵاتیش دەڕووخێت و، وڵاتیش وێران دەبێت.

بۆیە ئەو دەیگوت: ( ڕێگەی ئازادی ئاسان نییە، لەسەر ئێمە پێویستە دەیان جار دۆڵ و کەندی مردن ببڕین هەتا دەگەین بەلوتکەی ئازادی، مرۆڤی ئازادیش کە دەگاتە هەر لوتکەیەکی سەرکەوتن، لوتکەی دیکە دەبینێت و بۆی دەچێت و ناوەستێت).

ئەو بڕوای ئەوە بوو کە (ئازادیی ناکرێت دڵۆپ دڵۆپ بدرێتە مرۆڤەکان، بەڵکو مرۆڤ بەتەواوی و یەکجارەکیی دەبێت ئازاد بێت).

(ماندێلا) بۆ زامنکردنی ئەم ئازادییەش زۆر لەخەمی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی هاووڵاتیاندا بوو، بۆیە ئەو لەم بارەیەوە دەیگوت: (پەروەردەو فێرکردن بەهێزترین چەکە بۆ گۆڕینی جیهان).

(نیلسۆن ماندێللا) سەرکردەیەکی خاکیی و ڕاستگۆو ئازا بوو، ئەو لەبارەی سەرکردایەتییەوە دەیگوت:

(سەرکردەی سەرکەوتوو پێویستە لە دانوستان و گفتوگۆدا ڕاستگۆ بێت بۆ ئەوەی دووریی نێوان لایەنە ناکۆکەکان نزیك بکاتەوە)

ئەو دەیگوت: ( باشترین کارێك کە سەرکردەیەك بیکات لەکاتەکانی سەرکەوتنییدا ئەوەیە کە خۆی لەدواوە بێت و، خەڵك بخاتە پێشەوە، لەکاتی مەترسیشدا خۆی لەپێشەوە بێت و، خەڵك بخاتە دواوە، بەمەش خەڵکیی ڕێز لەسەرکردایەتییەکەی دەگرن.

(ماندێللا) وانەیەکی لەئازایەتیی فێری مرۆڤایەتیی کرد کە گوتی: (ئازایەتیی هەر ئەوە نییە ترس بوونی نەبێت، بەڵکو ئازایەتیی ئەوەیە بەسەر ترسدا زاڵ بیت، کەسی ئازاش ئەوە نییە کە هەست بەترس ناکات، بەڵکو کەسی ئازا ئەوەیە کە ترس دەبەزێنێت).

(نیلسۆن ماندێللا)، چونکە زۆر ئێش و ئازاری چەشت بەدەست ستەم و زوڵمی زۆردارانەوە، بۆیە زۆر لەخەمی مافەکانی گەلانی دیکەی بن دەست بووەو، هەمیشە داوای ئەوەی کردووە کە گەلان بەزمانی دایکی تایبەت بەخۆیان بدوێن و بنووسن و بخوێننەوە، بۆیە دەیگوت: ( کە مرۆڤێك بەزمانێك دەدوێنیت کەلێی تێدەگات، دەگەیتە ئەقڵی، چونکە زمانی خۆی نییە، بەڵام کە مرۆڤێك بەزمانی دایك دەدوێنیت، دەگەیتە دڵی ).

(ماندێلا) نەتەوەی کوردی دەناسی و، هەر لەبەر کوردیش خەڵاتی ئەتاتورکی ڕەتکردەوە لەساڵی (١٩٩٢)دا، ماندێللا پێش ئەوەی ماڵئاواییمان لێبکات، زۆر خەونی جوان و پێشبینیی گەورەی بەگوێی جیهاندا دا، لەوانەش پێشبینیکردنی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەئاییندەدا.

(ماندێللا) لەگەڵ ئاشتی و کۆتایی هاتنی جەنگیی یەکەمی جیهان هات و، لەهەفتەی یادکردنەوەی (٦٥) ساڵەی جاڕدانی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا گەڕایەوە لای پەروەردگاری خۆی، بەمەش (٩٥)ساڵی ژیانی ئەو لەنێوان ئاشتیی و مافەکانی مرۆڤدا بوو.



# گەڕان بەدوای شێوازێکی بەدیل بۆ جێبەجێکردنی فیدرالیزم؟

## فیدرالیزم بەرهەمی ئەقڵە دیموکراتیەکانە نەک پرۆسەی دیموکراتی



((ئەم بوونەی ئێستای یەکێتی ئەوروپا، قەرزداری هەوڵەکانی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەیە کە لەسەر پاشخانی جیاوازییەکانی گەلانی ئەوروپا توانییان ئیمکانیەتی ئەوە بدۆزنەوە کە ئەو گەلانە لە ناو یەکێتیەک کۆبکەنەوە، لەناو ئەم یەکێتیەشدا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هەموو ئەو جیاوازی و تایبەتمەندیانەی گەلانی ئەوروپا لەبەرچاو بگرێت، یەکێتی ئەوروپا هەر لەسەرەتاوە بەهۆی ئەو ئاکامە باشانەی بەدەستی هێنا شەرعیەتی لەچاوی هاووڵاتیانی ئەوروپاوە بەدەستهێنا، نەک لەبەر ئەوەی ئەم یەکێتیە هۆکارێک بێت بۆ زیادکردنی ئیرادەی سیاسی هاووڵاتیانی ئەوروپا، هەر بۆیە باری ئێستای یەکێتی ئەوروپا بە مێژووی فیکری بونیادی یەکێتی ئەوروپا تەفسیر ناکرێت، بەڵکو بەو دەستوورە یاساییە شرۆڤە دەکرێت کە ئەم پێکهاتە بێ وێنەیەی هێناوەتە ئاراوە، لەماوەی دەیان ساڵی رابردوو دامەزراوەکانی وەک (بانکی ناوەندی ئەوروپا، کۆمسیۆن و دادگای دادی ئەوروپی) زۆر بە قووڵی چوونە ناو ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئەوروپاوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم دامەزراوانە کەمتر کەوتوونەتە ژێر دیسپلینی دیموکراتیەوە، ئەنجوومەنی ئەوروپا کە لە کۆی سەرۆک حکومەتەکانی ئەندامانی ئەم یەکێتیە پێکدێت، توانیان لەکاتی ئەو تەنگژە ئابوورییەی هەموو جیهانی گرتەوە دەستپێشخەری بەهێز بکات، هەربۆیە ئەم رۆڵەی ئەنجوومەنی ئەوروپاش لە چاوی هاووڵاتیانی هەموو دەوڵەتانی ئەندامدا، لە برۆکسلەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی نیشتمانی هەر یەک لەو دەوڵەتانەی دەکرد..یەکێتی ئابووری و نەختی ئەوروپا کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو پێکهات لەسەر بنەمای ئۆردۆلیبرالیزم (واتە دروستکردنی ئەلتەرناتیف بۆ لیبرالیزم و نیو لیبرالیزم و نزیککردنەوەی ئاکامی پراکتیکی لە راستی تیۆری)، ئامانج لێی ئەوەبوو ببێتە فاکتەرێک بۆ سەقامگیری و گەشەی ئابووری لەناو یەکێتی ئەوروپادا)).



# یۆرگن هابرماس

*موحازەرەی زانکۆی لۆڤان*

٢٠١٣/٤/٢٦

## فیدرالیزم
## لە نێوان تیۆری کلاسیکی و هاوچەرخدا

پرۆفیسۆر دیڤید کامیرۆن ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی زانستی سیاسیی لە زانکۆی تۆرنتۆ لە کتێبی (عێراق: دوورخستنەوەی نەوەیەکی دیکە لە توندوتیژی)، بەشێکی ئەو کتێبەی بۆ فیدرالیزمی عێراق بەناونیشانی: (کارێك بکەن فیدرالیزم لە عێراقدا کاری پێ بکرێت) تەرخانکردووە، لەم بەشەدا پرۆفیسۆر کامیرۆن هەڵسەنگاندن بۆ مانای فیدرالیزم لە تیۆری کلاسیکی و هاوچەرخدا دەکات و دەڵێت: (لە تیۆری کلاسیکی لیبرالیدا تاکەکان حاڵەتی سروشتی بەجێدەهێڵن و رووەدەکەنە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم وەرچەرخانە لەچوارچێوەی رازیبوونیانە لەسەر گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر دادەمەزرێت و دامەزراندنی ئەم دەسەڵاتەش بۆ هەموو لایەك سوودی هەیە و دەبێت هەموو لایەك پێوەی پابەند بن، بە هەمان شێوە لەتیۆری کلاسیکی فیدرالیزمیشدا، کۆمەڵگە سیاسییە ئازاد و سەربەخۆکان ئارەزوومەندانە یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی شێوازێکی نوێی حکومڕانی، ئەم سیستمە پێکەوە گرێدراوەی نێو کۆمەڵگە سەربەخۆ و ئازادەکان سوودی بۆ هەموو ئەو کۆمەڵگە و پێکهاتانە دەبێت کە لە چوارچێوەی ئەو یەکێتیە کۆدەبنەوە و دەبێت هەموو پێکهاتەکانیش پێوەی پابەند بن، کە دەبێتە دەستووری فیدرالی و ئەم دەستوورەش گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەوڵەتە فیدرالیەکەیە، بەڵام ئەزموونی فیدرالی هاوچەرخ تارادەیەك لە کلاسیکی جیاوازترە، لەبەر ئەوەی بەپێی تیۆری کلاسیکی فیدرالیزم یەکێتی نێوان کۆمەڵگە ئازاد و سەربەخۆکانە بۆ بونیادنانی سیستمێکی باشتر، بەڵام لە ئەزموونی فیدرالی هاوچەرخدا زۆر جار بۆ کۆکردنەوە یان دروستکردنی یەکێتیە لەنێوان پێکهاتە یان ئەو گەلانەی پێشتر شەڕیان لەگەڵ یەکتری کردووە، بۆیە دامەزراندنی ئەم یەکێتیە فیدرالیە بارودۆخێکی ناخۆش دروست دەکات، لەبەر ئەوەی بژاردەی یەکەمی لایەنە بەشداربووەکان فیدرالی نییە و، فیدرالی بژاردەی دووەمە و ئەم بژاردەی بۆ لایەنەکان جێگەی گومان و دوو دڵیە و ئەو دەستوورەشی بۆ ئەم یەکێتیە دادەڕێژرێت، بۆ هاووڵاتیان جێگەی رەزامەندیی نییە).

ئەگەر لەم لایەنەوە بە دیدێکی بەراوردکاری سەیری ئەو دەستوورە بکەین کە دەبێتە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ پێکهاتەکانی نێو سیستمە فیدرالیەکە، ئەوا دەبێت ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتیە جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بێت، لەبەر ئەوەی شەرعیەتی سیستمە فیدرالیەکە لەسەر رەزامەندبوونی هەموو لایەك لەسەر گرێبەستەکە دروست دەبێت، سەبارەت بە ناڕازیبوونی پێکهاتەکانی نێو یەکێتی فیدرالی لەسەر دەستووری فیدرالیەکە، بیرمەندی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس لە موحازەرەکەی نیسانی ٢٠١٣ی زانکۆی لۆڤان و سەبارەت بە پتەوکردنی هاریکاری و پشتگیری نێو دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، هۆشداری ئەوە دەداتە بڕۆکسل کە ئاگاداری رای گشتی (دژە یۆرۆ)ی شەقامی نیشتمانی دەوڵەتانی ئەندامی ناو یەکێتیەکە بێت، ئەم هۆشداریەش لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەوەی راستە دامەزراوەکانی یەکێتی فیدرالی ئەورووپا ناکەونە ژێر دیسپلینی دیموکراتیەوە، بەڵام رای گشتی (دژە یۆرۆ) رۆژ لەدوای رۆژ لە هەڵکشاندایە و ئەگەر پێڕەوی میتۆدی ئۆردۆ لیبرالیزم نەکرێت کە ئاکامی پراکتیکی لەگەڵ راستیە تیۆرییەکانی ناو دەستووری ئەورووپا لێکنزیك نەکاتەوە، ئەوا گەشە و سەقامگیری ئەورووپا دەکەوێتە مەترسیەوە.

لەم خاڵەدا ئەگەر لە هەردوو بۆچوونی دیڤید کامیرۆن و یۆرگن هابرماسەوە بارودۆخی فیدرالیزمی عێراق بخوێنینەوە، ئەوا دیڤید کامیرۆن پێمان دەڵێت لەو حاڵەتەی فیدرالیزم دەبێتە یەکێتیەك بۆ کۆکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پێشتر ناکۆکی و دوژمنایەتی لەنێوانیان هەبووە، ئەوا فیدرالیزم بژاردەی یەکەم نییە و کە دەشبێتە بژاردەی دووەم، بژاردەیەکی دوودڵی و گوماناوی دەبێت و رازیبوونی ئارەزوومەندانەش لەسەر ئەو دەستوورە دروست نابێت کە دەبێتە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و کە ئەم ناڕازیبوونەش هەبوو شەرعیەتی سیستمە دیموکراتیەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا و بە تایبەتیش لە عێراقدا وەك لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو بینیوومانە، دەستووری عێراق نەبۆتە هۆکارێك بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ (عێراقێکی فیدرالی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی)، بەپێچەوانەوە بۆتە هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژی خوێناوی کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە ساڵی ٢٠٠٧ پیتەر گالبریس ناوی لێنا (کۆتایی عێراق) و بەپێی مەزندەی چاودێرانیش باری ناسەقامگیری ئێستای عێراق سنووری توندوتیژییەکانی ساڵی ٢٠٠٧یشی تێپەڕاندووە، ئەوجا ئەگەر لە بارودۆخی عێراقەوە جارێکی دیکە هۆشداری هابرماس بۆ هاریکاری و پشتگیری ناو یەکێتی ئەورووپا بخوێنینەوە، ئەوا هەست دەکەین هۆشداری هابرماس لەسەر ژێرخانی هەستکردن بەچ مەترسیەك سەریهەڵداوە، هابرماس لەسەر ئەو خاڵە هەڵوەستەی کردووە، یەکێتی ئەورووپا بەرهەمی پرۆسەیەکی دیموکراتی نییە، بەڵکو بەرهەمی

**لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو بینیوومانە دەستووری عێراق نەبۆتە هۆکارێك بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ (عێراقێکی فیدرالی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی)، بە پێچەوانەوە بۆتە هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژی خوێناوی کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە ساڵی ٢٠٠٧ پیتەر گالبریس ناوی لێنا (کۆتایی عێراق)**

**کاتێک لەنێوان دەوڵەتانی دیموکراتی ئیرادەیەک دروست دەبێت بۆ بونیادی یەکێتیەک وەک یەکێتی ئەورووپا، ئەوا سەرچاوەی شەرعیەتی ئیرادەی ئەو دەوڵەتانە ئیرادەی گەلەکانیانە**

ئەقڵە دیموکراتیەکان یان دەوڵەتە دیموکراتیەکانە، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك لەنێوان دەوڵەتانی دیموکراتی ئیرادەیەك دروست دەبێت بۆ بونیادی یەکێتیەك وەك یەکێتی ئەوروپا، ئەوا سەرچاوەی شەرعیەتی ئیرادەی ئەو دەوڵەتانە ئیرادەی گەلەکانیانە، بۆیە کاتێك ئاراستەی (دژە یۆرۆ) لە شەقامی نیشتمانی دەوڵەتانی ئەندام لە گەشەکردن و هەڵکشاندا بێت، ئەوا شەرعیەتی ئەو ئیرادە دەوڵەتیانە دەکەوێتە مەترسیەوە کە لە چوارچێوەی دەستووری یەکێتی ئەوروپادا گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ فیدراسیۆنی ئەوروپا دروستکردووە، هەر بۆیە هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپای لەسەر دروستکراوە، کە ئەویش ئۆردۆلیبرالیزمە نەك لیبرالیزم یان نیولیبرالیزم، بۆیە داوا لە دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەکات، کە دڵنیامان بکەنەوە لەوەی ئەو ئاکامانەی لە پیادەکردنی دەستووری فیدراسیۆنی ئەوروپا بەدیدەهێنرێت دەبێت نزیك بێت لەو راستیانەی لەناو دەستوورەکەدا تۆمار کراون. ئەگەر ئەمەش لەبەرچاو نەگیرێت و هەر لە برۆکسلەوە بڕیار بدرێت، ئەوا فیدراسیۆنی ئەوروپاش دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە ئێستای عێراقدا ئەگەر چاوێکی خێرا بەو دەستووره بگێڕینەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دەنگی زۆرینەی زۆری ٨٠٪ی عێراقیەکان پەسەندکراوە، هەست دەکەین ئەم دەستوورە نەخشەی رێگەی بۆ دامەزراندنی فیدرالیزم لەسەر دوو کۆڵەگە دارِشتووە:

- یەکەم: رەزامەندی تێکڕای عێراقیەکان وەك تاك بەو سیستمە.
- دووەم: رەزامەندی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق کە بریتین لە کورد و عەرەب، یان هەرسێ پێکهاتەی (کورد و سوننە و شیعە).

لەم حاڵەتەدا ئەگەر وردتر هەڵوەستە لەسەر ئەو نەخشە رێگەیە بکەین کە دەستوور بۆ دامەزراندنی سیستمی فیدرالی لە عێراق ئاماژەی پێکردووە، ئەوا راشکاوانە هەست بەوە دەکەین کە ئامانج لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئەوە نییە فیدرالی لە عێراقدا دروست بکات، بەڵکو ئەم دەستوورە بۆ ئەوەیە پرۆسەی دامەزراندنی سیستمی فیدرالی لەعێراقدا بخاتە جووڵە و هەنگاوەکان خێراتر بکات، بەڵام ئەم دەستوورە نەیتوانیووە ئەو جوڵەیە دروست بکات و عێراقی ٢٠١٣ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ عێراقی ١٩٩١ نییە، لەوانەیە تەنها جیاوازی ئەوەبێت هەتا ساڵی ٢٠١٣ کەمینەی سوننە دەسەڵاتی سەنترالی بەغدایان بەدەستەوە بووبێت، لەدوای ٢٠٠٣وە ئەم دەسەڵاتە سەنتراڵیە کەوتۆتە دەستی زۆرینەی شیعە

**عێراق نەبۆتە دەوڵەتێکی فیدرالی و هیچ هەرێمێکی فیدرالی لە دوای ٢٠٠٥ دروست نەبووە و هەرێمی کوردستانیش پێش ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٣ یش هەر هەبووە، لەمەش زیاتر لەماوەی هەشت ساڵی دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقەوە هیچ دامەزراوەیەکی گەورەی فیدرالی بوونی نییە**

یان بەشێك لە نێو پێکهاتەی زۆرینەی شیعەدا، بۆیە دەتوانین راشکاوانە ئاماژە بکەین کە عێراق نەبۆتە دەوڵەتێکی فیدرالی و هیچ هەرێمێکی فیدرالی لە دوای ٢٠٠٥ دروست نەبووە و هەرێمی کوردستانیش پێش ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٣ یش هەر هەبووە، لەمەش زیاتر لەماوەی هەشت ساڵی دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقەوە هیچ دامەزراوەیەکی گەورەی فیدرالی بوونی نییە، هەتا ئەگەر بوونیشی هەبێت کاریگەری نییە، کەواتە ئەم بارودۆخە وەك گرووپی بەڕێوەبردنی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان توێژینەوەیان لەسەر کردووە، فیدرالیزم خۆی بۆتە تەڵەزگە بۆ عێراق (Iraq’s Federalism Quandary)، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی فیدرالیزم بۆ عێراق بۆتە تەڵەزگە؟ ئایا بەدیلی فیدرالیزم چییە؟

## فیدرالیزم
## لە چارەسەرەوە بۆ تەڵەزگە

توێژینەوەکەی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکان، لە ٢٠١٢/٢/٢٨ توێژینەوەی (تەڵەزگەی فیدرالیزمی عێراق)یان لە گۆڤاری زە ناشناڵ ئینتریست بڵاو کردۆتەوە، لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کاتێك هێزەکانی ئەمریکا عێراقیان بەجێهێشت، ئیدی عێراق رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار بووەوە، عێراق رووبەڕووی کۆمەڵێك تەحدی گەورە بۆوە کە مەترسیدارترینیان ململانێی دەسەڵات و ناسەقامگیرییە، لەم بارودۆخە ناسەقامگیر و شڵەژاوەدا هاوپەیمانی تازە دروست دەکرێت و هاوپەیمانی کۆن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو گرژی توندتر و جددی تر دەچن، تاکە شتێك کە لە هاوکێشەی سیاسی ئێستای عێراقدا بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و بەردەوامی بەم بارە ئاڵۆز و ناسەقامگیرە دەدات، ئەو پرسیارە بێ وەڵامەیە: ئایا بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق چ شێوازێکی سیستمی فیدرالی دەبێتە بنەما؟ ئایا چۆن دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی بەشداربوونی پێکهاتەکان لە حکومەتی فیدرالی بەغدا دابەش دەکرێت؟ ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەسەڵاتی داهاتووی ئەو پارێزگایانە دەکرێت کە داوای ئەوە دەکەن ببنە هەرێمێکی فیدرالی؟ ئایا دەبێت بەچاوی بەخیلی سەیری ئەو دەسەڵاتانە بکرێت کە دەستووری عێراق بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی داوە؟ ئایا دەکرێت ئەو هەرێمانەی لە ئایندە دروست دەکرێت یان ئەو پارێزگایانەی لە ئاییندە دەبنە هەرێم بە هاوتای هەرێمی کوردستان دەسەڵاتیان پێ بدرێت؟

هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و کردنەوەی دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و لەمەش گرنگتر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، مشتومڕ و ئاڵۆزی و تەحددی لە نێوان هەولێر و بەغدا لەلایەك دروستکردووە، لەلایەکی دیکە پرۆسەی دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکانی دیکەشی لەسەر ئاستی عێراق ڕاگرتووە، بەدیوێکی دیکەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات بەوەی ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو مافانەی دەستووری عێراق بە هەرێمە فیدرالیەکانی داوە و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، پرسیار ئەوەیە ئایا عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە؟ سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ڕایدەر ڤیسەر تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای نەرویژ بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و بەرپرسی ویبسایتی عێراق لەو سەنتەرە (www.historiae.org) لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی (فیدرالیزم و ئیتنی و چەمکی هاوولاتی مەزهەبی لە عێراقدا: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی)، ئاماژەی بەوە کردووە کە بیرکردنەوە لە هەستی نیشتمانی عێراقیبوون هاودژ دەبێت لەبەرامبەر هەستی وەفاداری بۆ پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبی، بۆیە لەم حاڵەتە دەبێت دیراسەتێکی بەراوردکاری بکەین لەنێوان ئاڕاستەی شێوازی دیاریکردنی سیاسەت لەلایەن ڕۆژئاوا و هەروەها بیرکردنەوەی سیاسیی سیاسەتمەدارە عێراقیەکان، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە وتووێژەکانمان لەسەر فیدرالیزم بەرەو ئاکامی دابەشبوونمان ببات، ئەوجا بیر لە دابەشبوونی نەرم بکەینەوە کە ڕۆژئاواییەکان مەزندەی دەکەن، یان دابەشبوونی خوێناوی، ئەم حاڵەتە وتووێژکردن لەسەر چەمکی فیدرالی وەك تۆژەران ئاماژەی پێدەکەن بگۆڕێت بۆ قسەکردن لەسەر دابەشبوونی نەرم یان دابەشبوونی خوێناوی بۆ عێراق، ئەوا پرۆفیسۆر یۆست هلتەرمان لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان جوان وەسفی ئەو حاڵەتەی کردووە کە دەڵێت: (لە دەستووری عێراقدا بونیادنانەوەی عێراق لە سەر بنەمای فیدرالیزم وەك سەرچاوەیەك بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی عێراق پێناسە کراوە، بەڵام لە قاموسی سیاسیی سیاسەتمەدارە عەرەبەکانی عێراقدا وەك تاوانبارترین وشە سەیر دەکرێت)، لەبەرامبەردا پرسیار ئەوەیە کورد چۆن سەیری دەستوور و فیدرالیزم دەکات؟ هەڵتەرمان دەڵێت: (کورد بە ئاستی چەمك و دیکۆمێنتێکی پیرۆز سەیری فیدرالیزم و دەستوور دەکات، بۆیە ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بین کورد سازش لەسەر فیدرالیزم یان ئەو دەستوورە بکات). ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بژاردەی یەکەمی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و بژاردەی دووەمی فیدرالیە، تەنانەت ئەم بژاردەی دووەمەش کە فیدرالیە بەرهەمی سازش و وتووێژی نێوان لایەنی کوردستانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقە پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، کورد لەدوای ساڵی **١٩٩٢** کە بڕیاری فیدرالی دەرکرد، لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا دەیویست هەنگاوێکی دیکەش بچێتە پێشەوە و عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دەوڵەتێکی کۆنفیدرالی بێت و لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا و لەسەر داوای لایەنە عەرەبیەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوکات، لایەنی کوردستانی بەوە ڕازی بووە عێراقی نوێ، عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی و پەرلەمانی بێت، بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەو دەسەڵاتانەی دەستووری **٢٠٠٥** بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کردووە، دژایەتی بکات، هەر بۆیە بەردەوام لەنێوان داکۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر مافە دەستوورییەکانی خۆی و دژایەتی حکومەتی ناوەندی بۆ ئەو دەسەڵاتانە، هێڵێکی گەرم و ئاڵۆزی لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە و بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی تایبەت لەسەر پرسی عێراقیش ئەم گرژی و ئاڵۆزییە بەردەوام دەبێت، هەتا هەولێر و بەغدا لەسەر شێوازێکی دیکەی فیدرالیزم ڕێکدەکەون و ئەو شێوازە تازەیە بە شێوەیەکی تایبەت جیاواز لەو هەرێمە تازانەی لەعێراق دروست دەبن پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێکبخاتەوە.

**بۆ بەغدا باشترە بیر لەبەشە عەرەبییەکەی عێراق بکاتەوە نەك هەرێمی کوردستان**

کاتێك لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو عێراق وەك دەوڵەت دامەزراوە و بەپێی ڕێککەوتنی نێوان فەرەنسا و بەریتانیاش باشووری کوردستان لکێنرا بەعێراقەوە، دەبوو بەریتانیا هەوڵی بدایە کە عێراق وەك دەوڵەت لەگەڵ ئەم بەشە تازە بگونجێنێت کە عێراقی لێ پێکدێت، نەك باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی بەزۆر دروستکراودا بگونجێنێت، بەریتانیا کە خۆی بەدەوڵەتێکی دیموکراتی دەزانی، دەبوو پرسی بە خەڵکی باشووری کوردستان بکردایە و ئەم لکاندنەی لە لکاندنێکی زۆرەملێوە بگۆڕیبایە بۆ لکاندنێکی ئارەزوومەندانە و بەریتانیا کە خۆی بە خاوەنی تیۆری کلاسیکی لیبرالی دەزانێت و یەکەم نەتەوە بووە جاڕی دەوڵەتی نەتەوەیی داوە، دەبوو بەڵێنەکەی خۆی ببردایە سەر و خۆی بە ڕزگارکەری ئەو گەلانە بزانیایە کە پێشتر لەسەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، خۆ ئەگەر ئەو گەلانەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا وەك گەل و نەتەوەی ئازاد مامەڵەیان لەگەڵ بکرایە، ئەوا دەبوو پێکەوە کۆکردنەوەیان بەپێی تیۆری کلاسیکی لیبرالی پێکەوە لکاندنیان ئارەزوومەندانە بێت، بەڵام

**بەریتانیا کە خۆی بە خاوەنی تیۆری کلاسیکی لیبرالی دەزانێت و یەکەم نەتەوە بووە جاڕی دەوڵەتی نەتەوەیی داوە، دەبوو پرسی بە خەڵکی باشووری کوردستان بکردایە و ئەم لکاندنەی لە لکاندنێکی زۆرەملێوە بگۆڕیبایە بۆ لکاندنێکی ئارەزوومەندانە**



هەولێر

**هەرێمی کوردستان به گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هێندە دەوڵەمەندە نەک هەر پێویستی بە داهاتی بەغدا نییە، بەڵکو دەتوانێت ببێتە گرنگترین یاریزانی نێو گەمەی وزەی جیهانی**

بەریتانیـــا ئەم کارەی نەکـــرد و هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی ســـەدەیەك ئـــەو عێراقە بەزۆر دروســـتکراوە ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت، لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٣یشـــەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا رژێمی پێشوویان رووخانـــد، لەگەڵ ئەوەی ئەمجارەیان هەرێمی کوردســـتان لە چوارچێوەی هەرســـێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) هەرێمێکی سەربەخۆی دیفاکتۆی دیموکراتی بوو، تـــا رادەیەك ئەم دیفاکتۆیە لەبەرچاو گیراو لەدەســـتووری عێراقدا دانی پێدا نرا، بەڵام دیسان ئەمریکاش بە هاوشێوەی بەریتانیا، پرۆســـەی ئازادکردنەکەی بەو ئاراستەیە نەبوو کە تێکـــرای پێکهاتەکانی عێـــراق وەك پێکهاتە و گەلی ئازاد سەیر بکات، لەمەش خراپتر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێـــم کە ئازاد نەبوون و لە ژێردەســـتی رژێمی پێشـــوو مابوونەوە نەگەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، کە دەبوو لانی کەم لەگەڵ ســـەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنی عێـــراق، زەمینەیەکـــی ئـــازادی ئەوتۆ برەخســـێنرایە کە ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕانایەوە سەر هەرێمە ئازاد و ســـەربەخۆکەی خۆیان کە ئەویش هەرێمی کوردســـتانە، لەدوای گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیـــش دەبـــوو عێراقی تـــازە بەوجۆرە بونیاد بنرێتەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندی و ســـەربەخۆی هەرێمی کوردســـتان بگونجێت، نەك هەوڵبدرێت هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتـــی تازەی عێراق بگونجێنرێتەوە، ئەم حاڵەتە وەك دەیبنین لەماوەی ١٠ ســـاڵی رابردوو بە راشـــکاوی هەســـتی پێکراوە کە بەردەوام حکومەتی عێراقی هەوڵیداوە هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە بۆ دواوە و بیانووشی بۆ ئەم کارانەی ئەوە بووە ناکرێت دەســـەڵاتەکانی هەرێم بە ئاستی هەرێمێکی فیدرالی فراوان بێـــت، هەر ئەمەش وایکردووە کاتێك هەرێمی کوردستان مافە دەستوورییەکانی خۆی پیادە دەکات، پەیوەندییەکانی نێـــوان هەرێم و بەغدا دەگاتە ئەو ئاستەی جوڵەی سەربازی دروست بێت وەك لە دروستکردنی فەرماندەی دیجلە بینیمان، یان وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین باس لە کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

پرســـیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا عێراق بارودۆخی زۆر باشە هەتا بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پسپۆران پێیانوایە کێشەی سەرەکی بەغدا لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراقـــە نـــەك هەرێمی کوردســـتان، هـــۆکاری ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە بەشێك لە پارێزگاکانی عێراق بەم دواییە داوای ئەوەیان کردووە ببنە هەرێمی فیدرالی، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی دەســـتووری عێراق، هەموو هەرێمێکی فیدرالی هەمان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی هەیە، ئەوا حکومەتی بەغدا ترسی ئەوەی هەیە، ئەمە ببێتە سەرەتایەك بـــۆ لەبەریەکهەڵوەشـــانەوەی عێراق، هەر ئەو پســـپۆرانە پێیانوایـــە دەکرێت حکومەتی بەغـــدا لەبری ئەوەی بیر لە دژایەتی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، باشترە هەوڵبدات بە شـــێوەی دانوستاندن لەسەر دەسەڵاتی هەرێمە تازەکان بکات و بیر لەوە بکاتەوە چۆن بەشـــە عەرەبییەکەی عێراق لە چوارچێوەی فیدرالیدا رێکدەخاتەوە.


بەغدا

## ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق

جارێکی دیکــە ناکرێت هەرێمی کوردســـتان وەك ئەو بەشـــەی عێراق سەیر بکرێت کە لەچوارچێوەی عێراقدا و بەپێی بەرنامـــەی بەغدا کۆنترۆڵـــی کاروبارەکانی بکرێت، هۆکاری ســـادەش بۆ ئەمە ئەوەیە پێش ئەوەی ئۆپەراســـیۆنی ئازادکردنـــی عێراق دەســـت پێبکات و دەستبکرێتەوە بە بونیادنانەوەی ئەوەی پێی دەڵێن عێراقی نوێ، هەرێمی کوردســـتان بوونی هەبووە و یەکێك بووە لە ئەندامانی هاوپەیمانی ئارەزوومەندانەی نێودەوڵەتی بـــۆ ڕزگارکردنی عێـــراق لە دەســـتی دیکتاتۆری و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش پێش ڕووخانی پرۆسەکە ڕەزامەند بوون لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردســـتان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع هەم بەشداری پرۆســـەی ئازادکردنی عێراق بکات و هەمیش بەشێك بێت لە پرۆســـەی بونیادنەوەی عێـــراق، بۆیە هەرێمی کوردســـتان وەك قەوارەیەکی ســـەربەخۆ و ئازاد، هەم مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کردووە، هەمیش لە پرۆســـەی بونیادنانـــەوەی عێراق و هەموو کات بەشێك بووە بۆ ڕزگارکردنی عێراق و بونیادنانەوەی عێراق و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، ئەم واقیعە چەند راســـتیەك فـــەرز دەکات کە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

١. پێـــش ڕووخانی ڕژێمی پێشـــووی عێراق، هەرێمی کوردســـتان و عێراق یەك قەوارە نەبـــوون، تەنانەت لە چوارچێوەی بڕیـــاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناســـرابوو بە (بەرنامەی نەوت بەرامبـــەر بەخۆراك)، بەشی هەرێمی کوردستان لە بەشە داهاتی نەوتی عێراق بە ڕێژەی ١٣٪ی داهاتەکـــە جیادەکرایەوە و بەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەرێمی کوردستان خەرجدەکرا، ئەمەش مانای ئەوەیە پێـــش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی بەوە رازی بـــوون هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق ڕاستە دەبێت لەسەرچاوەی داهاتـــدا هاوبەش بـــن، بەڵام دوو قەوارەی سیاســـیی جیاوازن و ناکرێت تێکەڵ بکرێن، ئەگەر ئەم خستنەڕووە لەڕووی تێۆرییەوە نەیانەوێت دانی پێدابنێن بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئەم واقیعە بوونی هەبووە.

٢. دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشـــوو، دەسەڵاتی کاتی لە عێراقدا کە پێی دەگوترا ئەنجوومەنی حوکم و زەمینەی بۆ داڕشتنی دەستووری عێراق ئامادە دەکرد، بەوە ڕازی بوون کە هەرێمی کوردستان بەم واقیعەوە جارێکی دیکە لەناو دەســـتووری عێراقدا دانی پێدابنرێت و شەرعیەت لە دەســـتووری عێراقەوە وەربگرێت، بۆیە ئەمەش پێمان دەڵێـــت بەپێی دەســـتووری ٢٠٠٥ی عێـــراق هەرێمی کوردستان تەنها هەرێمێکی فیدرالی نییە و بەس، بەڵکو دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمە کە شەرعیەتی لە دیفاکتۆی ١٩٩٢-٢٠٠٣ وەرگرتووە، ئەم دەســـەڵاتانە وەك خۆی خراونەتە ناو دەســـتوورەوە و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و پاشان گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، بۆیە ئەگەر وردبینەوە ئەم دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا هەن،

**حکومەتی بەغدا ئەم دەسەڵاتانەی ئێستای هەرێم و گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بۆ ئەو هەرێمانەی لە ئاییندە لە عێراقدا دروست دەبن، بەهەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەزانێت و بەناوی یەکپارچەیی عێراق بەرگری لێدەکات**

بێجگە لەوەی سازش لەسەر هەندێك دەسەڵاتی پێش ٢٠٠٣ی هەرێم کراوە، دەسەڵاتێکن بەرهەمی دانوساندن و لایەنی کوردستانی بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەتوو بێت بەو دەستوورە رازی بووە.

٣. بەڵام خاڵێك کە ئیشکالیەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دروستکردووە، لایەنی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ئەم راستیە دەشارێتەوە و لایەنی هەرێمی کوردستانیش بە راشکاوی لەسەر ئاستی میدیایی و رای گشتی پێداگیری ئەوەی لەسەر ناکات، کە ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە نییە، لەمەش گرنگتر هەرێمی کوردستان بە گێرانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هێندە دەوڵەمەندە نەك هەر پێویستی بە داهاتی بەغدا نییە، بەڵکو دەتوانێت ببێتە گرنگترین یاریزانی نێو گەمەی وزەی جیهانی، پرۆفیسۆر یۆست هلتەرمان پێیوایە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا یەك ترلیۆن دۆلار دەبێت، ئەم ترلیۆنە ئەگەر دابەشی ١٠ی بکەین، واتە داهاتی ساڵانەی کوردستان دەگاتە ١٠٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ئامادەیە ئەم داهاتە بۆ هەموو عێراقیەکان بێت، بەمەرجێ داهاتی سەرچاوە سروشتیەکانی دیکەی عێراقیش بەهەمان شێوەی هەرێمی کوردستان بە شەفافانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و داهاتی نەوت و گاز ببێتە بنەمایەك بۆ خۆشگوزەرانی بونیادی دیموکراتی لە سەرانسەری عێراقدا.

ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکرد، هێشتا زۆری ماوە حکومەتی ناوەندی مەبەستی بێت تێی بگات، یان ئەسڵەن پێی رازی بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە حکومەتی بەغدا ئەم دەسەڵاتانەی ئێستای هەرێم و گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بۆ ئەو هەرێمانەی لە ئایندە لە عێراقدا دروست دەبن، بەهەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەزانێت و بەناوی یەکپارچەیی عێراق بەرگری لێدەکات، ئەوا باشترە چۆن هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان نەبۆتە بەشێك لە کێشەکانی عێراق، لە ئێستاش بەدواوە هەقە ئاستی دانوستاندنی خۆی لەگەڵ بەغدا بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وەك عێراق و هەرێمی کوردستان سەیر بکات، هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق سەیر نەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەمجۆرە هەنگاو هەڵبگرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین بەڵێ دەتوانێت لەبەر ئەوەی:

● ا- هەرێمی کوردستان پێش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق خۆی بریاری لە دەسەڵاتەکانی خۆی داوە و سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانیش گەلی کوردستانە.

● ب- هەرێمی کوردستان بەوجۆرە بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق کردووە کە ئەم ئەمری واقیعەی هەرێم وەك خۆی بمێنێتەوە و عێراقیش ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی.

● ج- ئەم هەرێمە کە لەرووی سیاسییەوە بە ئەمری واقیع هەرێمێکی سەربەخۆ بووە، ئەوا دەبێت لەرووی دەستوورییەوە ئابوورییەکەشی سەربەخۆ بێت، دەستووری عێراقیش بەو جۆرە دارێژراوە ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆی بچێت، لایەنی کوردستانی کە پێداگیری لەسەر ئەم لایەنە کردووە و وەك خاڵێك لە دەستوورەکە جێگیر کراوە، پەیوەندی بە بەشە عەرەبییەکەی عێراقەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هەیە. بۆیە کاتێك ئەم خاڵە وەك خاڵێکی گشتی بۆ هەموو عێراق گشتگیر کراوە، ئەمە هەڵەی سیاسەتمەدارنی عێراقەو دەبێت خۆیان راستی بکەنەوە، بەڵام هەوڵبدەن دەستکاری ئەم خاڵە بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کەمبکەنەوە، ئەوا کورد نەك هەر بەمە رازی نابێت، بەڵکو هەنگاوی گەورەتر بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەڵدەگرێت.

بۆیە لەم خاڵەوە جێگەی خۆیەتی هەرێمی کوردستان، چارەنووسی خۆی گرێبداتەوە بە سەرکەوتنی شێوازێکی تایبەت لە فیدرالیزم لە عێراقدا، بەڵکو دەبێت زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات بەوەی دەکرێت، بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بگەنە ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتی ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستانن وەك قەوارەیەکی سەربەخۆی پێش ئازاد کردنی عێراق، بە شێوەیەکی تایبەتمەند سەیر بکرێت و ئەم دەسەڵاتانە تەنها بۆ هەرێمی کوردستان بن، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێتە پێوانە بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق، پرۆفیسۆر یۆست هێلتەرمان سەبارەت بەم لایەنە و لە توێژینەوەکەی بەناونیشانی تەڵەزگەی فیدرالیزمی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر بە چاوێکی جیاواز سەیری ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان نەکرێت کە دەسەڵاتەکان دەسەڵاتی ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان و لەدەستووردا دارێژراونەتەوە، ئەوا نەك هەر ناتوانرێت هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی فیدرالیزم لە عێراق هەڵبگیرێت، بەڵکو بە بیانووی ئەوەی فیدرالیزم تەڵەزگەیە بۆ عێراق، عێراق دەگەرێتەوە بۆ سەنترالیزمێکی هاوشێوەی رژێمی پێشوو لەم حاڵەتەشدا کە ماوەی ١٠٠ ساڵە کورد خەو بەدەوڵەتی سەربەخۆوە

**جێگەی خۆیەتی هەرێمی کوردستان، چارەنووسی خۆی گرێبداتەوە بە سەرکەوتنی شێوازێکی تایبەت لە فیدرالیزم لە عێراقدا، بەڵکو دەبێت زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات بەوەی دەکرێت، بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بگەنە ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتی ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستانن وەك قەوارەیەکی سەربەخۆی پێش ئازاد کردنی عێراق، بە شێوەیەکی تایبەتمەند سەیر بکرێت**

دەبینێت، ئەو هەلە لەدەست نادات و دەوڵەتی خۆی رادەگەیەنێت، ئەوجا بۆ ئەوەی بارودۆخەکە نەگاتە ئەم ئاستە، هێلتەرمان داوادەکات، لەنێو فیدرالیزمی عێراقدا، شێوازی فیدرالی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق جۆرە تایبەتمەندییەکی پێبدرێت و لەسەر بنەمای پێکەوە دەرۆین (Coming to gether)،واتە پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی ئەو واقیعەی هەیە، لەمەش راشکاوانەتر عێراق کاتێك دانوستاندن لەگەڵ هەرێم دەکات، بۆ شێوازی رێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، دەبێت راشکاوانە دان بەوەدا بنێت کە ئەوە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ نییە ئەو دەسەڵاتانەی بۆ کورد دیاری کردووە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی ئەو کۆمپرۆمایزەیە کە لایەنی کوردستانی کردویەتی بۆ ئەوەی تەنها ئەو دەسەڵاتانە لەدەستووردا تۆمار بکرێن، ئەمە خاڵێکی گرنگە، لایەنی کوردستانی لە دارشتنی دەستووری عێراقدا سازشی لەسەر کۆمەڵێك دەسەڵاتی دیکە کردووە بۆ ئەوەی عێراقی نوێ سەرکەوتوو بێت، بۆیە کە دانوستاندنیش دەکرێت، دەبێت حکومەتی بەغدا بزانێت ئەو دەسەڵاتانە سازشی لەسەر ناکرێت و دەبێت حکومەتی ناوەند بەوجۆرە بەرنامەی خۆی دابرێژێتەوە کە لەگەڵ شێوازی رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر یەکبگرێتەوە، نەك هەرێم سازش بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا یەکبگرێتەوە.

ئەوجا دوای ئەوەی بەم دیدە تایبەتمەندە سەیری تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئاساییە حکومەتی عێراق لەبەر ئەو هەموو بیانووەی ریزی دەکات و بۆ یەکپارچەیی عێراق دەگری، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری عەرەبی سوننەی عێراقیش ئەم شێوازی فیدرالیزمە بە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق دەزانن، ئەوا باشترە کورد بەرپرسیاریەتی دابەشبوونی عێراقی عەرەبی بۆ بەشی سوننە و شیعە نەگرێتە ئەستۆ و ئەم دانوستاندنە بەجێبهێڵرێت بۆ نێوانی حکومەتی عێراق و ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت ببنە هەرێمی فیدرالی، زۆر راشکاوانە ئەو پارێزگایانەی عێراق، ئەوجا یەك پارێزگا بێت یان چەند پارێزگایەك ئەگەر بیانەوێت هەرێمێکی فیدرالی دروست بکەن، دەسەڵاتی ئەمری واقیعیان نییە و خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی لۆکاڵی خۆیان نین تا وەك هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی رێکبخەن، ئەوا کاتێك داوای ئەوە دەکەن هەرێمی فیدرالی دروست بکەن، دەبێت دانوستاندن لەسەر ئەوە بکەن چۆن هەرێمەکە پێکدەهێنن، بۆیە ئاسایشە دانوستاندن لەسەر دەسەڵاتی هەرێمە تازەکانیش بکرێت، پرۆفیسۆر هیلتەرمان ئەم شێوازەی ناو لێناوە پێکەوە یەکگرتن (Holding together) ، ئەمەش بەپێی بۆچوونی هیلتەرمان ئەو ترسە دەرەوێنێتەوە، هەر لەمبارەوە نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، ئەگەر بەو شێوازەی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت لە بواری نەوت و گازدا، بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ نەوتی بەسرا و گازی ئەنبار بکرێت، ئایا حکومەتی بەغدا رازی دەبێت؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی تایبەت سەیر کرا، ئەوا لەم حاڵەتەدا شێوازی فیدرالی پێکەوە لەبەر رۆشنایی ئەمری واقیع پێکەوە دەرۆین (coming together) کێشەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبن، بە دانوستاندن کردنیش لەسەر شێواز و دەسەڵاتی هەرێمەکانیش لەسەر بنەمای پێکەوە یەکگرتن (holding together) کێشەکانی بەشە عێراقیەکەی عێراقیش چارەسەر دەبن، ئامانج لە فیدرالیزمیش چارەسەرکردنی کێشەکانە نەك مانەوەی کێشەکان بەبێ چارەسەر.


**هەرێمی کوردستان**

**تەحەددا و مەترسیەکانی بەغدا**

ئەگەر لە چوارچێوەی شێوازی فیدرالیزمی پێکەوە دەرۆین (Coming together)، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چارەسەر کران، ئایا گەرەنتی چیە دوای ئەمە جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان نەکەوێتە بەردەم هەڕەشەکانی بەغدا و تەحدای دەسەڵاتەکانی نەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بۆ هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، وەڵامێکی مەترسیدار بێت، ئەوا بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان وەڵامێکی گەشبینانە دەبێت بۆ ئاییندەیەکی باشتر، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازی پەیوەندییەی نێوان هەرێم و عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی دەستووری عێراق، حکومەتی عێراق بەهێز دەکات بۆ ئەوەی بەشە عەرەبیەکەی عێراقی لەدەست نەچێت و بتوانێت کۆنترۆڵی بکات، بەڵام ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق بیەوێت شێوازی تەقلیدی داگیرکارەکان بەکار بهێنێت و بە هیوای ئەوە بێت کە لەروانگەی شەڕی کورد و عەرەب یان جیابوونەوەی هەرێم لە عێراق شەڕ بە هەرێمی کوردستان بفرۆشێت، ئەوا بێجگە لەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو پێگەیەی هەیە بەرگری لێ بکرێت، لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەو هێزەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات و ئەو سەرچاوە ئابوورییەشی هەیە کە پێویستی بە بەغدا نەبێت.

**باشترە کورد بەرپرسیاریەتی دابەشبوونی عێراقی عەرەبی بۆ بەشی سوننە و شیعە نەگرێتە ئەستۆ و ئەم دانوستاندنە بەجێبهێڵرێت بۆ نێوانی حکومەتی عێراق و ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت ببنە هەرێمی فیدرالی**





## ناتان گۆنزالس بۆ گوڵان:

# دەبێت کوردستان وەک تایوان سەیری خۆی بکات پەرە بە دەوڵەتی ئەمری واقیع بدات

**د. ناتان گۆنزالس تۆژەرە لە پرۆژەی ترۆمان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و وانەبێژە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کالیفۆرنیا، خاوەنی دوو کتێبە بە ناونیشانی (مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران) (ململانێی نێوان شیعەو سوننە) بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی پیادەکردنی فیدرالیزم و پەیوەندی بە دیموکراتیەوە بە گشتی، جێبەجێکردنی فیدرالیزم لە عێراقدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.گۆنزالس ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بە زۆری بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی ئیتنی و توندوتیژی لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فیدراڵیەت وەك چارەسەر دەخاتەڕوو، لە کاتێکدا فیدراڵیەت بەشێکە لە دیموکراسی و سەروەریی یاسا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت لە غیابی دیموکراسیدا فیدراڵیەت پیادە بکرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر قورسە، ئەگەری ئەوە هەیە فۆرمگەلێکی فیدراڵیەت هەبێت، لە غیابی دیموکراسیدا، بۆ نموونە مومکینە حکومەتێکت هەبێت کە رێز لە سەروەریی گرووپێکی ئیتنی بگرێت، بێ ئەوەی ئازادی تەوایان پێبدات بۆ ئەوەی هەر کارێك بکەن کە بیانەوێت. هەروەها فۆرمی جیاوازی نادیموکراسی هەیە، ئەگەر بۆنموونە لە عێراق بڕوانیت ئەوا دیموکراسی کێشەی هەیە و رووبەڕووی ژمارەیەکی زۆری تەحەددی بۆتەوە، بەڵام هاوشێوەی وڵاتێکی وەك چین نییە، کە هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ ئەوەی دیموکراسی بهێنێتە ئاراوە. کەواتە ئەمانە دوو جۆری جیاوازی کێشەن. بۆ نموونە چین وەك وڵاتێکی نادیموکراتی هەوڵی ئەوە نادات ببێتە دیموکراتی، دەکرێت و ئەگەر بیەوێت هەندێ ئۆتۆنۆمی بە هەندێ ناوچە بدات، ئەوا ئەم کارە بێ دووچاربوون بە دژواری روونادات. لە کاتێکدا تەحەددیەکە لە عێراقدا ئەوەیە تۆ دیموکراسیت هەیە، بەڵام زۆر بە باشی بەڕێوەناچێت. پێموایە ئەوە تەحەددیەکەیە لە عێراقدا. کەواتە ئەمە پرسیارێکی قورسە و ئەگەر بتەوێت لەبارەی عێراقەوە قسە بکەیت،



وەك حاڵەتێكی دیاریكراو، ئەوا وەڵامی جیاوازت دەست دەكەوێت بە بەراورد بە وڵاتانی دیكەی جیهان.

*** ئێمە باسی وڵاتانی ئەم بەشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكەین، كە لەم وڵاتانەدا دیموكراسی تەنها لە هەڵبژاردندا كورت دەبێتەوە، لە كاتێكدا دیموكراسی پێویستی بە پێداویستییە بنەڕەتییەكانی دیكە هەیە، بە بڕیارێك لە شەو و رۆژێكدا نایەتەئاراوە و دەبێت لە نێو خەڵكدا پەرەی پێبدرێت، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- من لەو رووەوە هاوڕام لەگەڵتاندا، دیموكراسی پێویستی بە دامەزراوەكانە و هەروەها پێناسەگەلی جیاوازی بۆ هەیە، بۆ نموونە، یەكێكیان بریتییە لە دۆڕان لە هەڵبژاردنەكاندا، یەكێكی دیكەیان بریتییە لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، هەروەها رێزگرتن لە مافی كەمینەكان، وەك بەشێكی بنەڕەتی دیموكراسی. كەواتە ئەگەر هەر یەكێك لەمانە لە ئارادانەبن، ئەوا كێشەت هەیە، كەواتە ئەگەر رێز لە مافی كەمینە نەگیرا، ئەوا ئەمە كێشەیەكە و ئەگەر كەمینەش دۆڕانی قبوڵ نەكرد، ئەوا ئەمە كێشەیەكی دیكەیە.. كەواتە راستە لە دۆخێكدا كە هەرێمێكی كوردیت هەبێت و هەستی ئەوەیان هەیە ناسنامەیەكیان هەیە وەك كورد، ئەوا فیدراڵیەت وەك شێوەیەك لە خۆبەڕێوەبردن شتێكی لۆجیكیە، نەك هەر تەنها هەردوو نەتەوەكە لە هەرێمەكەدا دەژین، بەڵكو خەڵكی دیكەش لە پایتەختدا دەژین و ئەمەش هاوكاریان دەكات لە تێگەیشتن لەو رۆڵەی دەبێت هەر پێكهاتەیەك ببینین. زۆر قورسە كاتێك لە مالیزیا و لوبنان و عێراق و سوریا دەڕوانیت كە ئەو رۆڵە فەرامۆش بكەیت كە پێكهاتە ئیتنیە جیاوازەكان دەبینین، و كارێك بكەیت حكومەت سەركەوتوو بێت، چونكە ئەمە پێویستی بەوەیە هەموو لایەك پێكەوە كاربكەن، بەڵام دەبینیت كە خەڵكی هێشتا لەسەر بنەمای ئیتنی یان ئاینی دەنگ دەدات، كەواتە پێویستە جۆرە میكانیزمێكت هەبێت بۆ ئاراستەكردنی ئەو وزەیە، ئیتر یان دەبێت بگەیتە رێككەوتنێكی تەوافوقی وەك ئەوەی لە لوبنان هەیە كە زەمانەتی هەندێ پێكهاتە و هەندێ هەرێم دەكرێت. كێشەكە لە لوبنان ئەوەیە كە سیستمەكەی خۆیان نوێ نەكردۆتەوە بە رووی دیموگرافیای نوێدا، ئەمەش ناوهاوسەنگی دروستكردووە، بە بەراورد بە مالیزیا كە پتر سەقامگیرە. كەواتە مومكینە لە كۆمەڵگەدا سیستمێكی دیموكراتی هەبێت كە خەڵك بیر لە پێكهاتە جیاوازەكان بكەنەوە و لەسەر بنەمای ئیتنی دەنگ نەدەن و بگەنە جۆرێك لە تەرتیباتی دابەشكردنی دەسەڵات. كەواتە فیدراڵیەت بۆ ئەوەی بوار بە گرووپەكان بدات، بە تایبەتی لە كاتی بوونی پێكهاتەیەكی وەك كورددا، كە لە ناوچەیەكی جوگرافیدا دەژین كە بە شێوەیەكی رەسمی و یاسایی، نەك بە رێككەوت، جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، ئاشكرایە ئەمەش قورسە، لەبەر ئەوەی هەرێمی دیكە هەیە لە وڵاتەكەدا كە بەرژەوەندییان هەیە، كەواتە من ناڵێم ئەمە ئاسانە، بەڵام كارێكی باشە ئەگەر رێگە بە خەڵكی بدەیت بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان هەبێت

**مومكینە لە كۆمەڵگەدا سیستمێكی دیموكراتی هەبێت كە خەڵك بیر لە پێكهاتە جیاوازەكان بكەنەوە و لەسەر بنەمای ئیتنی دەنگ نەدەن و بگەنە جۆرێك لە تەرتیباتی دابەشكردنی دەسەڵات**

لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا. کێشـــەی کورد، کێشەیەکی دیاری کراوە و هاوشـــێوەی کێشەی شـــیعە و سوننە یان ئەوانی دیکە نییە. و بە دڵنیاییەوە کوردەکان پێویستان بەوە هەیە جۆرێك لە خۆحکومڕانیان هەبێت.

*** ئەگەر کێشەی کورد وەك نموونە وەربگرین، ئەوا دەبێتە بەشـــێکی گرنگ لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەمەوێـــت راوبۆچوونی تایبەتی ئێـــوە وەربگرم لەبارەی ئەوەی تا چەند پێشـــبینی ئەوە دەکرێت کێشـــەی کورد بە شێوەیەکی ئاشـــتیانە چارەســـەر بکرێت، بە تایبەتی لەم قۆناغە هەســـتیارەی مێژووی ئـــەم ناوچەیەدا، ئەو دەستکەوتانەی کە کوردســـتانیش بەدەستی هێناون، و لە هەوڵدایـــە بۆ ئەوەی ئەزموونە دیموکراســـییەکەی بکاتە نموونەیـــەك بۆ تەواوی ناوچەکە، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من باوەڕم وایە لە کۆتاییدا کورد، بە تایبەتی لە عێراق و سوریا، تەرتیباتێك دەگرێتەبەر کە جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی دانپێدانراو بەدەســـت دەهێنن، پێموانیـــە مومکین بێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کە ســـەربەخۆییەکی رەســـمی، یاخود سەروەریەکیان هەبێت بە شێوەیەکی رەسمی...بەڵام رەنگە سەربەخۆبونێکی ئەمری واقیع بەدەست بهێنن، هاوشێوەی ئـــەوەی تایوان هەیەتی لەگەڵ چیندا، کە خاوەنی وڵاتی خۆیەتی، بەڵام بە شێوەیەکی رەسمی ئیعترافی پێنەکراوە. بەڵام کارێکیان نەکردووە بووبێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی لەلایـــەن ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکـــە دژیان بکرێت. کەواتـــە دەکرێت بارودۆخەکە بە هێمنی بهێڵرێتەوە لەگەڵ تورکیـــا و هەروەهـــا ئێراندا، ئەمە لـــە کاتێکدا لەڕووی ئەمری واقیع و عەمەلیەوە سەربەخۆییەك هەبێت لە عێراق و هەروەها لە سوریاشدا.

*** بـــەڵام بەهۆی کێشـــە هەڵپەســـێردراوەکانی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی مەرکەزی ئەوا کوردســـتان لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدایە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە ســـەربەخۆیی دەکاتەوە وەك چارەسەرکردنێك بۆ کێشەی کورد؟**

- پێموانیە ئەوە چارەسەر بێت، ئەوەش جێی داخە، چونکە کاتێـــك کورد لەلایـــەن ئەوروپییە کۆڵۆنیاڵیســـتیەکانەوە مامەڵەیـــان لەگەڵدا کرا، دەوڵەتێکیـــان پێ رەوا نەبینی، یاخـــود بواری ئەوەیان پێنەدا پـــەرە بە دەوڵەتێك بدەن، کە دەبوو هەیانبوایە، مەســـەلەکە ئەوەیە ســـەربەخۆیی و تا رادەیەك سەرەوەرییت هەبێت، بێ ئەوەی ئەمە رابگەیەنیت، ئەمەش کێشـــەیەکی قورســـە لە روانگەی بیرکردنەوەی نەتەوەی کوردیەوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە رێگە بە رووداني توندوتیـــژی نەدرێـــت. کەواتە دەبێت کورد ســـەربەخۆ و ئـــازاد بێت، بێ ئەوەی ئەمـــە رابگەیەنێت، لەم حاڵەتەدا ئـــەوە گرنگترە کە تۆ ئازادبیت لـــەوەی تۆ رایبگەیەنیت کە ســـەربەخۆ و خاوەن ســـەروەریت، کەواتە بەلای منەوە سەربەخۆبوون لە رووی عەمەلیەوە گرنگترە.

*** بـــۆ چارەســـەرکردنی ناکۆکـــی ئیتنـــی لـــە وڵاتە فرەنەتەوەکانـــدا، ئەوا سیاســـەتی نێودەوڵەتی پێداگیری لەسەر هێشتنەوەی سنورەکانی رێککەوتنەکەی سایکس-بیکۆ دەکات، نەك پاراستنی ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەکان، ئایا هێشـــتنەوەی ئەم ســـنورانە لە پاراستنی ئاشـــتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە پێشترە، لە کاتێکدا کە دوو نەتەوە، یان گرووپـــی ئیتنی ناکۆکیان هەیە لەگەڵ یەکتـــردا، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فشـــار دەخاتە سەریان بۆ ئەوەی پێکەوە بمێننەوە، کە دوای ئەزموونێکی خوێناوی وەك ئەوەی لە سوداندا بینیمان کە دوای بیست ساڵ شەڕی ناوخۆیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رازی بوو، بۆچی رووداوەکان بەم ئاڕاستەیەدا بڕۆن؟**

- ئەگەر لە مێژوو بڕوانیت ئەوا تەرتیبات گەلێك کراوە کە ناڕەوا و ســـەرکوتکارانە بوونە و ئەمانەش کێشەی زۆریان خوڵقاندووە لە ئێســـتادا، پێموایە من و ئێوەش لەسەر ئەمە هاوڕاین... پێموایە هەر کاتێك ســـنورەکان کێشـــران، ئەوا ئەوانەی دەکەونە نێو ئەو وڵاتانەوە کە سنورەکەیان کێشراوە. لە روانگەی کەسێکی کوردەوە، ئەوا سەد دەرسەد دەیانەوێت ســـەربەخۆبوون و... منیش پێموایە دەبێت وابن، و پێموایە هەمیشە دەبێت سەربەخۆ بن. بەڵام بەلای وڵاتانەوە ئەمە بە کاری دەستدرێژی بۆ سەر خۆیان لێکدەدەنەوە... کەواتە قورســـە خەڵکی ئەوە قبوڵ بکەن بۆ نموونە کورد بەشێك نەبێت لە وڵاتانی دیکە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەوە راهاتوون، ســـنورەکان لەلایەن هێزە ئەوروپیەکان و بە نیازی خراپەوە دروســـتکران کە ناسەقامگیریان دروست کرد، چارەسەرەکە ئەوەنییە کە ئەو سنورانە لەبەیەکهەڵبوەشێنەوە بە شێوەیەك لە شـــێوەکان، لەبەر ئەوەی ئەمە ناســـەقامگیریی زیاتر دەخوڵقێنێت و خوێنڕێژی زیاتری لێدەکەوێتەوە. کەواتە بە چاوپۆشین لەوەی چی رەوایە، کەواتە دەبێت لە نموونەی تایـــوان بڕوانیت کە لە رووی ئەمـــری واقیعەوە خاوەنی ســـەربەخۆیین، ئەگەرچی چین بە رەســـمی ئیعترافیان پێناکات، واتە دەبێت شـــتێك بێت لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردســـتاندا بێت، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردســـتانی عێراق کە گەشەگردن و سەقامگیریەکی رێژەیی هەیە، کە ئێمە نامانەوێت ناسەقامگیری بهێنینەئاراوە کە ببێتەهۆی لـــە ناوبردنی ئەم جۆرە پرۆژە ئابوورییـــە. کە پەروەردە و رێگاوبانەکان و ســـەروەری، هەمـــوو ئەمانە گرێدراون بە ئابوورییەوە، کەواتە ئەگـــەر خەڵکی لە رێی بەرپاکردنی شـــەڕەوە ئابووری خۆیان تێکبدەن، ئـــەوا زیان بە خۆیان دەگەیەنن.

**دەبێت کورد سەربەخۆ و ئازاد بێت، بێ ئەوەی ئەمە رابگەیەنێت، لەم حاڵەتەدا ئەوە گرنگترە کە تۆ ئازادبیت لەوەی تۆ رایبگەیەنیت کە سەربەخۆ و خاوەن سەروەرییت، کەواتە بەلای منەوە سەربەخۆبوون لە رووی عەمەلیەوە گرنگترە**



### ڕەشات کەسەبە بۆ گوڵان:

# فیدرالیزم تەنها ئەو کاتە دەبێتە چارەسەر کە لە ڕەزامەندیی خەڵکی پێکهاتە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت

پرۆفیسۆر ڕەشات کەسەبە ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتییە لەزانکۆی واشنتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا و کورد، سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیاریکردنی میکانیزمی فیدرالیزم وەك یەکێك لە چارەسەرەکان و تاوتۆکردنی ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر کەسەبە کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.



**پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق، بە دڵنیاییەوە لەبەرژەوەندیی هەردوولادایە و ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە و پێموایە بەردەوام دەبێت لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی ناوچەکە لە داهاتوودا**

*** لەسیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، فیدرالیزم وەك شێوازێك بۆ چارەسەری کێشەی وڵاتانی فرە نەتەوەو فرە ئایین دەخرێتە روو، ئایا تاچەند فیدرالیزم چارەسەرە؟**

- پێموایە تەنها ئەو کاتە دەبێتە چارەسەر، ئەگەر لە نێو خەڵکەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام ئەگەر لە سەرەوەڕا یاخود لە دەرەوەڕا سەپێنرا، ئەوا سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر بتەوێت چوارچێوەیەك دابنێیت و چاوەڕوانی ئەوە بیت خەڵکی پێیەوە پابەند بن، ئەوا ئەمە سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر دەرفەت بە خەڵکی بدرێت خۆیان چوارچێوەی یان هێڵی سەرەکی یاخود بونیادی فیدراڵیەت دابڕێژن و ئەگەر تێگەیشتنێك هەبێت لەبارەی ئەوەی ئەمە چارەسەرێکی باشە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوا دەرفەتێکی باشی سەرکەوتنی لە پێش دەبێت. کەواتە دەبێت خەڵکی بواری ئەوەیان پێبدرێت بەشداری لە دارشتنی چوارچێوەی دامەزراوە فیدراڵیەکاندا بکەن و واهەست بکەن بەرژەوەندیان هەیە تێیدا، ئەو کاتە ئەمە سوودیان پێدەگەیەنێت.

*** کاتێك باسی پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکرێت، ئەوا راستەوخۆ ئاماژە بە یەکێتیی ئەوروپا دەکرێت، وەك ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێکەوەژیان و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرا یەکێتیی ئەوروپا لە دایك بێت، ئەگەر فاشیزم و نازیزم تێکنەشکێنرابا، ئایا ئەگەر تا ئێستا بوونیان هەبوایە، ئەم یەکێتیە دروست دەبوو؟**

- رەنگە نەتوانرایە، ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا کردی بریتی بوو لە کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان دەوڵەتەکان، بە تایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا، کە هەروەك دەزانن مێژوویەکی درێژی هەیە، ئەوەش بە دڵنیاییەوە دەستکەوتێکی گەورەیە بەلای منەوە. بەڵام یەکێتی ئەوروپا مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراو یان نەتەوەیەکی دیاریکراو نەکردووە. لەبەر ئەوەی چوارچێوەیەکی میسالیمان نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا روودەدەن. ئەمەش بە شێوەیەکی جیاواز گوزارشت لە خۆی دەکات لە یۆنان و ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی، لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچبەران و موسڵمانەکان، کەواتە ئەوانە ئیدارەنەکراون لەسەر ئاستی یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام ئەوەی یەکێتی ئەوروپا کردویەتی ئەوەیە کۆتایی هێنا بە شەڕی تەقلیدی کە چیتر ئەمە ئەگەری روودانی لێناکرێت لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا.

**پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کوردستانی عێراقدا گرنگیەکی زیاتری دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوورتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش**

*** دە ساڵ پێش ئێستا، تورکیا بوونی کوردستانی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە مەحاڵ دەزانی و بە هەڕەشەیەکی گەورەی دەزانی و تەواو نیگەران بوو لەم بارەیەوە، بەڵام ئێستا ئەگەر تورکیا وەك وڵاتێکی دیموکراتی لە ناوچەکەدا وەربگرین، ئەوا ئاك پارتی کە پارتی حکومڕانە لە تورکیا سەربەخۆبوونی کورد لە عێراقدا بە هەڕەشە نازانێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئاڵوگۆڕ لە هزر و سیاسەتی تورکیادا لە ئاست کورددا کاریگەریی هەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا؟**

- پێموایە کاریگەریی گەورەی دەبێت، بەلای منەوە ئەوە نموونەیەکی باشە کە بارودۆخێك هاتۆتەپێشەوە کە ئێوە ئاستێك لە ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری)تان هەیە، لەسەر ئاستی مەحەلی و هەرێمەکەتان، لە باکووری عێراقدا، کە رەنگە لە کۆتاییدا لە تورکیاشدا ئەمە بەدەست بهێنن. بەڵام خەڵکی، بە تایبەتی لە تورکیا، بەرژەوەندیان هەیە و سوودمەند دەبن لەوەی بەشێك بن لە یەکێتیەکی گەورەتری ئابووری، وەك تورکیا، یان ئەگەر پتر بەرەو ئەوروپا بڕۆیت و...تاد. کەواتە لەو رووەوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ناوچەکە دەکات، بە کوردی ناوچەکە دەکات، کە پێویستە جۆرێك لە فیدراڵیەتیان هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانن بەشداربن و سوودمەندبن لە تۆڕێکی ئابووری گەورەتر. کەواتە لەو رووەوە پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق، بە دڵنیاییەوە لەبەرژەوەندی هەردوولادایە و ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە و پێموایە بەردەوام دەبێت لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی ناوچەکە لە داهاتوودا.

*** ئێستا بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا هاتونەتەئاراوە، باس لەوە دەکرێت کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، ئەویش بە پشتیوانی تورکیا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم وەرچەرخانە روویداوە؟**



- بەلای منەوە زۆرێك لە گۆڕانكارییەكە لە هەڵوێستی ڕەسمیدا بووە، زۆرێك لە ترس و جیاكاریەكان لە هەڵوێستی ڕەسمیدا بوون، لە نێو سوپا و حكومەتی توركیادا، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی توركیا تا ڕاددەیەك گۆڕاوە، ئەمەش هۆكارێكی گرنگە، هەروەها دەرفەتە ئابووریەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە لە گەشەكردندان هۆكارێكی دیكەیە بۆ توركیا، پێموایە ئەوانە ئەو گۆڕانكاریە گرنگانەن كە بەم ساڵانەی دوایی ڕوویانداوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێكرد، ئەوا ئەم پەیوەندیە گەشەكردوانە هەڕەشەنین بۆ سەر كەس و زیان بە كەس ناگەیەنن و خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی خەڵك دەكات. بە تایبەتی كە بارودۆخی سەرسنوری نێوان توركیا و سوریا خراپتر و خراپتر دەبێت، ئەوا پەیوەندیەكانی توركیا لەگەڵ كوردستانی عێراقدا گرنگیەكی زیاتری دەبێت بۆ پەیوەندیەكانی توركیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوورتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. كەواتە ئەم بەرەوپێشچوونە هەڕەشە نییە بۆ سەر كەس، بەڵكو لە بەرژەوەندی نەتەوە و وڵاتانی ناوچەكەدایە بە شێوەیەكی بەرفراوانتر، هەر كاتێك خەڵكی ئەم ڕاستیەی بینی، ئەوا دۆخەكە بە ئاراستەیەكی باشتردا دەڕوات.

*** تا چەند پێشبینی ئەوە دەكرێت كێشەی كورد بە شێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەر بكرێت، بە تایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی ئەم ناوچەیەدا، ئەو دەستكەوتانەی كە كوردستانیش بەدەستی هێناوە، و لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەزموونە دیموكراسییەكەی بكاتە نموونەیەك بۆ تەواوی ناوچەكە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- من ئومێدم زۆرە، بەهۆی ئەوەی لە نێوان كوردستانی عێراق و توركیادا ڕوودەدات. هەروەها حكومەتی ئێرانیش زۆر بایەخ بەوە دەدات ببێتە لایەنێكی چالاكتر لە ناوچەكە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. كەواتە من ئومێدم زۆرە. و پێموایە كوردەكانی سوریاش دەتوانن ببنە توخمی سەقامگیری. چونكە چەندەها گرووپی چەكداری دیكە هەیە كە لە هەموو جیهانەوە هاتوون و شەڕ دەكەن لە سوریادا. هەرێمی كوردستانیش كە هاوكاری لەگەڵ توركیا و عێراقدا دەكات، دەتوانێت ببێتە فاكتەرێكی ئیجابی.

*** چۆن لە سەردانە مێژووییەكەی بارزانی بۆ توركیا دەڕوانیت كە ئەردۆغان بە شێوەیەكی ڕەسمی پێشوازی لێكرد؟**

- پێموایە زۆر باش بوو و زۆر بایەخدار بوو، چەندەها ساڵ پێش ئێستا، من لە بیرمە كە لە توركیادا خەڵكی لەسەر گۆرانی وتن بە كوردی سزا دەدرێن، ئەمەش گۆڕانكارییەكی سەرسوڕهێنەرە لە ماوەی دەیەیەك-یان چەند دەیەیەكی ڕابردودا-من خۆشحاڵبووم ئەو كۆنسێرتەو ئەو گفتوگۆیە ببینم، پێموایە هەنگاوێكی زۆر ئیجابی بوو. بە دڵنیاییەوە چاوەڕواننەكراو بوو، ئیتر ئەمە ژیانە و ئێمە چەندین گۆڕانكاری دەبینین و ئەمە هەنگاوێكی باش بوو.

# پێشکەوتن بەبێ رۆڵی رۆشنگەرانەی رۆشنبیران مەحاڵە

## ٢-مێژوویەک بۆ رۆڵپێدان


سەرۆ قادر

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

تایبەت بە گوڵان نووسیوێتی

محەمەد عابد جابری لەسەر ئەم خاڵە هەڵوێستەیەکی دەوڵەمەندی کردووە بەڵام گرفتەکەی لەوەدایە کە زانا موجتەهیدەکانی قۆناغی تدوین(نووسینەوە)ی بە هاوتای رۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن داناوە و دەیەوێ بڵێ لە دوو سەد ساڵەی دوای هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی قۆناغی تدوین(تەدوینtedwîn) دیاردەی رۆشنبیریی دروست بووە، نەک لە سەردەمی مۆدێرن و رووداوی دریفوس. من ئەوە بە تێکەڵ کردنی پەیامی قۆناغەکانی شەجەرەی زانایان و رۆشنبیران دەزانم. لە یەک شەجەرەن بەڵام وەک یەکدی نین. رۆشنگەرانی سەردەمی رێنیسانس نەک هەر پشتیان بە دەقی نووسراو دەبەست بەڵکو دیاردەیەکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا بوون. پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا گۆڕانگاریی گەورەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەخواست، هەر لە نیزامی سیاسییەوە تا پێگە و رۆڵی تاک لە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی. رۆشنگەریی سەردەمی رێنیسانس کە قۆناغی یەکەمی دارشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای واقیعی و زانستی بوو، کەسایەتی رۆشنگەر زانیاریدەر و پێشنیارکەر و رەخنەگرێکی لەئاشتینەهاتووی سیستەمی دینی بوو. هەروەک چۆن پێغەمبەران هەمان کاریان بەرامبەر ساحیر و کاهینەکان دەکرد و جاهیلییەتیان رەت دەکردەوە. سەرەنجام لە قۆناغی رۆشنگەریدا میتۆد و زانستی بە دنیایی کردنی رێکخستنەوەی کۆمەڵگا پاشەکشەی بە میتۆد و زانیاری دینی و لاهوتی کرد. رۆشنگەران پێغەمبەر نەبوون چونکە مامەڵەیان لەگەڵ واقیع و زانیاری بوو. ئیدی نەدەبوا پێغەمبەر دروست بن و دین زەمانی دروستبوونیان نەمابوو. بەڵام ئەو رۆشنگەرانە لەسەر خەتی پێغەمبەران دەرۆیشتن

رۆشنبیر بە مانای ئەم سەردەمە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگای مۆدێرن و بەجیهانیی بووە. هەموو قۆناغەکانی سەرمایەداری وەک یەکدی مۆدێرن و نوێ نین، هەربۆیە تیپ و کاریگەری هەڵگرانی زانست و زانیاریەکەی وەک یەک نییە. رۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەک زەرورەتێک هاتنە وجودو ئەوان کاری رۆشەنگەرەکانی پێش خۆیان دووبارە نەکردەوە، بەڵکو چەندین هەنگاو هاتنە پێشتر. ئەوان خۆیان کردە دەمراستی مافەکانی مرۆڤ و ئەو مافەیان لە ناوەڕۆکە کۆگەلییەکەی (اجتماعی) پتر جیا کردەوە و کردیانە لێکدانەوەی مافەکانی تاک، تاکیان کردە دروشمی سەرەکی. هەروەها پازیاندایە ناو مافی پێکهاتە پەراوێزخراوەکان؛ وەک مافی رەشەکان، مافەکانی ژن، دیموکراسی کۆمەڵایەتی قووڵ، سیستەمی سیاسی و ئیداری روون، کەمکردنەوەی دەخالەتی دەوڵەت و بوارکردنەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، گرنگیدان بە گەشەسەندنی پلاندار و بەردەوام. دیفاعکردن لە تێکەڵبوونی کولتوورەکان، لێکنزیک بوونەوەیان و سەرەنجام بەجیهانی بوون. هەر لەو

روانگەوەیە کە برنارد شۆ دەیوت؛ رۆشنبیران ئەو گێلانەن وەڵامی پرسی ئەوتۆ دەدەنەوە کە لێیان نەکراوە. ئالبێر کامۆ نیشتمانی بە هی خۆی نەدەزانی ئەگەر مافەکانی بۆ دابین نەکات. راسێل و سارتر سەرانسەری دنیایان دەپێوا و هەموویان بە بواری چالاکیی فکری خۆیان دەزانی و لە هەر کوێ غەدر هەبا ئەوان سەنگەریان لێدەدا، ئاندرێ مالرۆ لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا تا باشووری ئەورووپا لە جەنگەکان بەشدار بوو( لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا فرۆکەوانی جەنگ بوو بۆردمانی بەرەکانی فرانکۆیی دەکرد) دوایی لە زەمانی دیگۆڵ بووبە وەزیری رۆشنبیریی فەرانسە.

لە جەنگی یەکەمی جیهان تا شەستەکانی سەدەی رابردوو،لەو کۆمەڵگایانەی نەژاد پەرستی و نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیزم رێگایان نەدەدا رۆشنبیران رۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن، دیاردەی خۆکوشتنی داهێنەران هاتەکایەوە. لە یەکێتیی سۆڤیەت نموونەی سێرگێی یەسنین. لە ئەمریکا هیمینگوای، سادقی هیدایەت لە ئێران.

هەر لە دەیەی سییەکانی سەدەی رابردوو موناقەشە لەسەر پێناسەی رۆشنبیران و ئەرکەکانیان لە باسە داغەکانی نووسەرە کاریگەرەکان بوو. جولیان بێندا لە کتێبی "خیانەتی رۆشنبیران"دا کەسایەتییەکی نموونەیی ئەوتۆ لە رۆشنبیر دروست دەکات کە هەمیشە ئامادەی دیفاع لە راستی بێت و هیچ کاتێک خۆی و بەرژەوەندییەکانی لەبەر چاو نەبێت. بە پێچەوانەوە بێت، ئەوە بە خائینیان دادەنێ. ئانتۆنیۆ گرامشی بیرمەندی تێکۆشەری دژی فاشیزم، رۆشنبیران بە خاوەن ئەرک دەزانێ و پێیوایە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن رۆشنبیری خۆیان دروست بکەن تا بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن. لەو روانگەیەوە گرامشی دیاردەی رۆشنبیر بە مولتەزیم(ئۆرگانیک) دادەنێ. ئەو پێیوایە هەموو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان رەنگی ئەو ئەرک و بەرژەوەندییە دەرێژن کە داهێنەر لە کۆمەڵگادا هەوڵی بۆی داوە. لەو سۆنگایەوە گرامشی رۆشنبیرانی دینی و بۆژوازی و کرێکاری (سۆسیالیستی) و جوتیاری و وردەبۆرژوازی بە رەوا دەزانێ. لە ئایدیۆلۆجیای مارکسیستیدا رۆشنبیران لە زاتی چینایەتی خۆیاندا پێشکەوتوخواز نین، تەنیا بە دابڕانیان لە پێگەی چینایەتی خۆیان و هاتن بۆ ناو بەرژەوەندیی چینی کرێکار دەبنە توخمێکی باش و ئەرێنی. رۆشنبیران بە رەگەزی سەرەکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەدەزاندران و بەردەوام بەرەنگاری رەفتار و کرداری رۆشنبیرانەوە دەبوونەوە.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سێ رووناکبیری ناسراو باسیان لە دیاردەی رۆشنبیران کردووە؛ جەلالی ئالی ئەحمەد لە ئێران(١٩٦٤/ در خدمت و خيانت روشنفكران)، ئیدوارد سەعید(١٩٩٤/ المثقف و السلطة) لە فەلەستین(ئەمریکا!)، محەمەد عابد جابری(١٩٩٥/المثقفون في الحضارة العربية) لە مەغریب. جەلالی ئالی ئەحمەد لەژێر کارتێکردنی ئانتۆنیۆ گرامشی دایە بەڵام رەگوریشەی دیاردەکە بە مێژوودا شۆڕ دەکاتەوە و لایەنی دینی و نەتەوەیی تێدا تۆخ دەکاتەوە. ئالی ئەحمەد لەوە غافڵە کە رۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن پەیام و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بە یەک میزان لەگەڵ موجتەهیدانی دینی و ئەدیب و عارفانی مێژووی پێش مۆدێرن ناکێشرێن.

ئیدوارد سەعید رۆشنبیر بە کەسێکی زانای داهێنەر دەزانێ کە ناکرێ بەرامبەر نابەرابەری و کلۆڵی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆری و داگیرکاری بێدەنگ و بێلایەن بێت. سەعید زاتی رۆشنبیر لە ئیلتزام و لایەنداری حەقدا دەبینێ. لەو رووەوە رۆشنبیران دەکاتە بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسی و چاودێر بەسەر سیاسەتمەدارانی خوار و خێچ. دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم بە ئەرکێکی بێسازشی رۆشنبیران دەزانێ.

محەمەد عابد جابری، مێژووی پەیدابوونی رۆشنبیریی بۆ کولتووری عەرەبی- ئیسلامی دەگێڕێتەوە. ئەو پێیوایە زەرورەتی تەفسیری دینی و تەنزیمی دەسەڵاتی سیاسی، لە سەرەتای قۆناغی تەدویندا(تۆمارکردن) رۆشنبیری دروست کرد نەک دیاردەیەک بێت تایبەت بە قۆناغی مۆدێرن و هەڵقوڵاوی کولتووری رۆژاوایی و مەسیحی بێت.

هەڵبەت پەیدابوونی دیاردەی رۆشنبیران لە رۆژاوا واناگەیەنێ کە ئەو توێژە لەوێوە بۆ کۆمەڵگاکانی دیکە کۆپی کرابێت. مۆدێرنێتی قۆناغێکە لەکاتی خۆیدا هەموو کۆمەڵگاکان پێیدەگەن و تیپی رۆشنبیرانی تایبەت بە خۆیان بەرهەمدێنن. لە هەمانکاتدا مێژووی خاوەنبیرانی دینی و فەلسەفی و ئەدەبی لە رۆژهەڵاتدا کاریگەریی خۆی بەسەر تیپی رۆشنبیرانی ئەم سەردەمەی رۆژهەڵات دادەنێ. ناکرێ یەکێک رۆشنبیر بێت و مۆرکی کولتووری کۆمەڵگاکەی خۆی هەڵنەگرێ. ئەسەری خاوەنبیرانی کۆنی ناوچەکەمان بە تەکوینی هەر رۆشنبیرێکی خۆمانەییەوە دەنیشێ و دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی. هیچ رۆشنبیرێک داهێنانی پێناکرێ ئەگەر رەگی لە مێژووی مەعریفەی کۆمەڵگاکەیدا نەبێت.

کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووە بۆیە لە ژیانی کوردستاندا(جیا لەم بیست و دوو ساڵەی دوایی لە باشوور) روانگایەکی پەروەردەیی ستراتیژی بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ نەبووە. ئەو کۆمەڵگایە لە سێ پارچەی ژێردەستی داگیرکەراندا بوونی ئینکار دەکرێ و خزێندراوەتە ناو ستراتیژی سەرانسەری میللەتی باڵادەست و کار لەسەر تواندنەوەی دەکرێت. بۆیە ئاساییە لەو کۆمەڵگایەدا دیاردەی رۆشنبیر بە کامڵی سەرهەڵنەدات و رۆشنبیری خۆیی بریتییە لە تێکەڵەیەک لەنێوان ستراتیژیی پەروەردەی نەتەوەی باڵادەست و هەوڵی تەنیای تاکە کەسێک (بندەست) کە دەیەوێ لە خەیاڵی خۆیدا جێی

**ئەو تیپە خوێندەوارەی بە پەلەپڕوزێ هەندێک لە ئەزموونی ئەوروپاییەکانی بیستووە، بە شێوازێکی زۆر میکانیکی لە دژی بەرژەوەندی وڵاتەکەی بەکاریدێنێ. ئەو مۆدە مەودای زۆر درێژ نابێ و دوای زیاتر لە بیست ساڵ سەربەخۆیی، زەمینەی سەرهەڵدانی رۆشنبیری مۆدێڕنی خۆیی لە خەمڵاندایە**

**ئاراستەی سێیەم لە ڕۆشنبیران بە سەمتی تێگەیشتن لە بنەماکانی پێشکەوتن و چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی رەها و تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵگاکەی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاردەکات. ئەو ئاڕاستەیە دژی سیستەمی سیاسی نییە و هەوڵی بەشداربوونی تێدا دەدات**

**ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەدبی کلاسیکی خۆمانین کە جیا لە کورد بوونی، نموونەیەکی زیندووی ئەدەبی کلاسیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەدەبی کلاسیکی کوردی یەکپارچە نییە و لە نێوان کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکی فارسی و عەرەبی و تورکی دابەش بووە**

**لە هەر چوار پارچەی کودستان تا ئێستاش دڕدۆنگییەکی فراوان لەنێوان "ڕۆشنبیران" و سەرکردایەتی سیاسی هەیە. لەو سەردەمەی کە کۆمەڵگا مۆدێڕنەکان زیاتر هەمیشە ڕۆشنبیر و سیستەمی سیاسییان تێکەڵ کردووە، لە پارچە ئازادەکەی کوردستان(هەرێم) مۆدی دەسەڵات دزێوی و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی نیشتمانی لەناو جیلی یەکەمی هەوڵدەرانی ڕۆشنبیرانمان برەوی هەیە**

**جەلالی ئالی ئەحمەد لەژێر کارتێکردنی ئانتۆنیۆ گرامشی دایە بەڵام ڕەگوریشەی دیاردەکە بە مێژوودا شۆڕ دەکاتەوە و لایەنی دینی و نەتەوەیی تێدا تۆخ دەکاتەوە. ئالی ئەحمەد لەوە غافڵە کە ڕۆشنبیرانی سەردەمی مۆدێرن پەیام و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بە یەک میزان لەگەڵ موجتەهیدانی دینی و ئەدیب و عارفانی مێژووی پێش مۆدێڕن ناکێشرێن**

دەوڵەتی نەبووی نەتەوەیی پڕبکاتەوە و خۆی بکاتە نموونەی ڕۆشنبیرە چاوەڕوانکراوەکە. لە ئەنجامدا تەنیا کەسێکی خاوەن زانیاریی ناکۆک دروست دەبێ کە سیفەتی هەرە دیاری یاغی بوون و پەرچدانەوەی توانەوە و داگیرکاریی دەبێت. هەر ئەوەش وایکردووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تیپی لێکچووی ڕۆشنبیر بوونی نەبێ. لەو ڕووەوە هەست بە نەبوونی ڕۆشنبیری بیردروستکەر دەکرێ و بزووتنەوەکانی کوردستانی لە هەژارییەکی ئاشکرادا دەژین و ئەو ئەلتەرناتیڤانەی وەریدەگرن هەمووی بەرهەمی کۆمەڵگای باڵادەست و ڕۆژاوایە.

نەبوونی ڕۆشنبیر بە هەموو سیفەتە مەعریفییە ئامادەکراوەکەی، بەمانای لەبەرچاو نەگرتنی خوێندەواران و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان نییە. ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەدبی کلاسیکی خۆمانین کە جیا لە کورد بوونی، نموونەیەکی زیندووی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەدەبی کلاسیکی کوردی یەکپارچە نییە و لە نێوان کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکی فارسی و عەرەبی و تورکی دابەش بووە.

تاکە بواری مۆدێرن و خۆیی ناو کۆمەڵگای کوردستان، بزووتنەوە نەتەوەییەکەیەتی. لەوێدا هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ڕوانگای هاوبەشە بەڵام کولتوور و پەروەردەی هاوبەشی نییە، بۆیە وابەستەییەکی نهێنی لەناو بیری ناسیۆنالیستی کوردی بۆ سێ کولتوورە باڵادەستە داگیرکەرەکە هەست پێدەکرێ، ئەوەش حاڵەتێکی سەرسوڕهێن نییە. هەر سیستەمێکی پەروەردەیی کەسایەتییەکانی خۆی بەرهەمدێنێ جا با ئەو کەسانە بەرپەرچی خودی سیستەمەکەش بدەنەوە. ئینسان بەروبومی ژینگە و سیستەمی زانیاری پێدان و ڕاهێنانی کۆمەڵایەتییە. هەر وەک چۆن ژنێکی ئاگا هەست بە کۆت و بەندی چەمکە پەروەردەییەکانی جەندەری دەکات و بۆ نەهێشتنیان تێدەکۆشێ، بەڵام لە هەمانکاتدا ژیانی "ژنایەتی"یش دەژێت.

ئاگایی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامی پێگەیشتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو چاولێکەری و کاردانەوە بوو لەبەرامبەر داگیرکاری ڕۆژاوا. فکری ناسیۆنالیستی بە ئامادەکراوی خزایە ناو کۆمەڵگا هەرە تەقلیدییەکانی ڕۆژهەڵات، لەوانیش کوردستان. وەرگرتنی ئەو ئایدیۆلۆجیا کامڵە کە زۆر بە کەڵکی پاراستنی کولتووری محەلی دەهات، لە هەر کۆمەڵگایەک بەپێی ئاستی گونجایشی خۆیان دەسکاریان دەکرد و ناسنامەی خۆیان پێی تاریف دەکرد و خۆیان پێدەپاراست. چونکە ئەو ئاگاییە خۆکرد نەبوو بۆیە ڕۆشنبیریشی بۆ دروست نەببوو ، هەر لەسەر دەستی خوێندەوارە تەقلیدییەکان وەرگیرا و درایە کۆمەڵگا. سەرەتا بزووتنەوەی سیاسی دروست بوو ئینجا ئەو ئایدیۆلۆجیایە بڵاوکرایەوە. ئەو واقیعە میکانیزمێکی سادەی محەلی کیفایەت بوو، پێویستی بە ڕۆشنبیر نەبوو و ئینجا پێشی دروست نەدەکرا. هەر بۆیە بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە ڕابەرایەتی کەسایەتی ئاینی و شێخ و میرەکان دەستیپێدەکرد. دوایی وردە وردە ئاگایی بڵاوبووەوە و تۆزقاڵێک لە مەعریفە و ئەزموونی ناسیۆنالیستی ئەورووپا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی تەقلیدی و ڕاپەڕی و، جۆرێک لە خوێندەواری پێگەیشتووی کۆمەڵگا بندەستەکان(بەتایبەتی کوردستان) پەیدابوون کە هەڵگری هەموو ئەو ڕەگەزە شێواوانە بوون کە پەروەردە لە کۆمەڵگایەکی بندەست بەرهەمیدێنێ، بەڵام جۆرێک لە هوشیاریشیان هەبوو- بوونە ئامرازی بڵاوکردنەوەی ناسیۆنالیزم و (هەر زوو) ڕکابەری سەرکردایەتی تەقلیدی . ئەو سەرکردایەتییەی بەبێ ئەو خوێندەوارە کەمتەجرەبە عەجولانەش دەیتوانی بزووتنەوەکە بەڕێوەبەرێ. ئەو چاوتێبڕییەی خوێندەوارە عەجولەکان بووە بنەمای دژایەتی و حەساسییەتی سەرکردایەتیی تەقلیدی بەرامبەر بە دیاردەی تازە نەفەسی "ڕۆشنبیران"ی ناسیۆنالیست. لە هەر چوار پارچەی کودستان تا ئێستاش دڕدۆنگییەکی فراوان لەنێوان "ڕۆشنبیران" و سەرکردایەتی سیاسی هەیە.

لەو سەردەمەی کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان زیاتر لە هەمیشە ڕۆشنبیر و سیستەمی سیاسییان تێکەڵ کردووە، لە پارچە ئازادەکەی کوردستان(هەرێم) مۆدی دەسەڵاتدزێوی و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی نیشتمانی لەناو جیلی یەکەمی هەوڵدەرانی ڕۆشنبیرانمان برەوی هەیە. ئەو تیپە خوێندەوارەی بە پەلەپڕوزێ هەندێک لە ئەزموونی ئەورووپاییەکانی بیستووە، بە شێوازێکی زۆر میکانیکی لە دژی بەرژەوەندی وڵاتەکەی بەکاریدێنێ. ئەو مۆدە مەودای زۆر درێژ نابێ و دوای زیاتر لە بیست ساڵ سەربەخۆیی، زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری مۆدێرنی خۆیی لە خەملاندایە. لە ئاماژەکانی ئەو تەقەلایە دروستبوونی سێ ئاراستەی ڕۆشنبیرییە کە ئەنجامەکەی بە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کۆتایی دێت: یەکێکیان ئەو ئاراستەیە کە حەودالی نەقڵ کردنی ڕۆشنبیریی و عەقڵییەتی ئەورووپایە. ئەوانە بە شێوەیەکی میکانیکی کار لەسەر ڕۆشنگەری دەکەن و داهێنەری مۆد و لاسایی کردنەوەن. هەڵبەت دەستیان لە نووسین و وەرگێڕان بە هەمان ئاراستەدایەو لەسەر خوێنەرانی گەنج بێکاریگەریی نین. سلێمانی مەڵبەندی ئەو تەوژمەیە. ئاراستەی دووەم محافیزەکارانە و ئاینیانەیە. ئەوەیان هەنگاوێک لە توندڕۆیی دینی دوورکەوتۆتەوە بەڵام توند بە داب و نەریتەوە نوساوە و بڕوای بە ئازادی بیرکردنەوەی ڕەها نییە.ئیخوانییەتی یەکگرتوویی مەکۆی ئەو ئاراستەیەن. ئاراستەی سێیەم بە سەمتی تێگەیشتن لە بنەماکانی پێشکەوتن و چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی ڕەها و تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵگاکەی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاردەکات. ئەو ئاراستەیە دژی سیستەمی سیاسی نییە و هەوڵی بەشداربوونی تێدا دەدات.

# کۆمەڵگەی نمایشکار* جیهانێکە کە تیایدا ژیانی مرۆڤایەتی وەردەچەرخێنێت بۆ ڕواڵەت



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

لـــە چوارچێـــوەو قالبی گـــوزارەی (la société du spectacle)دا، (گای دوبـــوورGuy Debord)ی بیرمەندی فەرەنسایی ناوونیشـــانێکی تایبەتی بۆ کتێبە بنەڕەتیەکەی خۆی دانـــاوە، هەر بەهۆی ئەو گوزارەیەوە ئاڵۆزی و زەحمەتییەکی زۆر لە شـــرۆڤەو لێکدانەوەکەیدا پەیدابـــووە، ئەوەش نەوەك بەهۆی وەرگێڕانی گوزارەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو تەنانەت لە دیاریکردنی واتاکەشیدا هەر ئاڵۆزی و زەحمەتی زۆر دروست بووە، هەر لە بنەڕەتدا یان لە یەکەمین ســـاتەوەختی خستنەڕوویدا، مەبەســـت لـــە (نمایـــش) جۆرێکـــی تایبەتییانـــەی ئەوکۆمەڵگانەیـــە کە پڕاوپـــڕ واتای ئـــەم گوزارەیەیان بەسەردا دەچەســـپێنرت، وەك لێرەدا زیاتریش بۆمان ڕوون دەبێتەوە، مەبەســـتی تەواوەتی لەم گوزارەیە بە تەنیا ئەو کۆمەڵگانەش نییە، بەڵکو ئەو چەشنە ژیانکردنە تازەیەیە کە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بۆ خۆیانیان فەراهەم کردووە، بە تایبەتیتر کە لە هەر کۆمەڵگەیەکیاندا بە پلەو ئاستێکی جیاوازەوە ژیان لە نمایشدا فەراهەم کراوە..

واتە بە شێوەیەکی ســـەیر کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەکانی هەژموونی نمایشەوەو بە تەواوەتی داگیری کردون..

جۆری دووەم لە ئاڵۆزیی و زەحمەتیەکان، پێوەندی هەیە بە وەرگێڕانەکەیەوە، کە لە ناواخنی وشەی کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو لە خوازەی (spectacle)، لە لایەن دانەرەکەیەوە ســـانا نییە مانای هەمەچەشـــنەو ئاڵۆز بۆ ئەو وشـــەیە چڕ بکرێتەوە، بەو شـــێوازە لە ماناکـــەی خۆی نزیکمان خســـتۆتەوە، کە پێش هەر شـــتێك نزیکە بە نمایشسازیی یان دوورکەوتنەوەو لەگرێژنەوەدەرچوونە بە شـــێوازێك کە وا لـــە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بکات تا ڕاســـتەوخۆ لە ستراکتۆری خۆیان دوور بکەونەوەو لە گرێژنەوە دەربچن و لابدەن، دواجار وەرچەرخێن بۆ وێناندن و خۆنواندن..

ناکرێت بـــەم دوورکەوتنـــەوەو لـــە گرێژنەوەدەرچوونە وا تێبگەیـــن یان پێمان وا بێت کە لە لایەن دوبوۆرەوە هەموو کۆمەڵگـــە هاوچەرخەکان بە شـــێوازێك شـــیدەکرێنەوە، بۆ ئـــەوەی بیانگێڕێتەوە بۆ ئـــەو دوالیزمە تەقلیدییەی کـــە وێنەکان لە جیهانی درکپێکـــراودا لێکجودا دەکاتەوە، یان میســـال لە جیهانی مەتریـــال دووردەخاتەوە، هەروەها جەختیش دەکاتەوە لەســـەر ئەوەی کە(( لە توانامان‌دا نییە هەڵســـەنگاندنی ڕەتکردنەوەیەکی ئەبستراکتیانە لە نێوان نمایـــش و کاریگەرێتی کۆمەڵایەتیـــدا بکەین، چونکە هەر ئەم دابەشـــبوونە دوالیزمیەیە کە بـــە خێرایی دەبێتە لێکداپچڕانێکی تێپەڕیوو))

نمایش لە کۆمەڵگەی خۆنمایشسازدا بە تەنیا بریتی نییە لە نمایشێك، واتە تەنیا دیمەنێك نییە بەس بۆ ڕامانکارییەکی تەسك لە قاڵب بدرێت، تەنانەت ئەگەر لای خاوەنەکەشیەوە گرێبەند کرابێت بە تەماشـــاو سەیرکردنیشـــەوە، چونکە واقیعی ڕاستەقینە لە نمایشـــدا هەڵدەقوڵێت و بەرجەستە دەبێتـــەوە، ئەمەش واقیعیەتێکی ڕاســـتەقینەییە، نمایش بریتی نییە لە هەندێ وێنەی ســـەرنجڕاکێش لەو وێنانەی

**(spectacle) بریتیە لەو شتانەی چاو بەلای خۆیاندا رادەکێشن، زاراوەی (spectacle)ی لاتینی بریتیە لەوەی سەیردەکرێت یان بینراوە. بەم شێوەیە دوبۆر جەخت دەکاتەوە لەوەی کە (نمایش) مەیلخوازە بەوەی ئەو جیهانە ببینین کە بە ڕاستەخۆیی درکی پێ ناکرێت**

**نمایش ئەو بزاڤە بێوچانەیە کە بە ئاست و پلەی جیاواز لەسەر ئەو کۆمەڵگانە دەچەسپێت، کاتێک هەمەشێوازێتی وەک ڕاگەیاندن و ڕیکلام و پروپاگەندەو بڵاوکراوەو وەشان و دروستکردنی ڕای گشتی بەکاردەهێنن تا جیهانی پێ وەرچەرخێنن، کە دواجار تەنیا بەهۆی وێنەوە نەبێت، ناتوانن هیچ شتێک بخەنە ناو لەپی دەستانەوە**

**لودڤیچ فیۆرباخ جۆرێک لەو کۆمەڵگانە بە لەعنەت دەکات کە شتەکان بۆ وێنە وەردەچەرخێنن، یان ئۆرگیناڵ بۆ کۆپی دەگۆڕن، یان واقیع بۆ نواندن دەگۆڕن، بوونیش دەگۆڕن بۆ ڕواڵەت**

کە لە فەزادا مەلە دەکەن و دەبنە مایەی وروژاندنی هەست و سۆزو ویژدان، بەڵکو بریتیە لە ((پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە ناوەندکارییەکەی ئەو پێوەندییە پڕی لە وێنەیە))، ئەم وێنانەش جوانکاری نین بۆ ئەو پێوەندییە، یان ڕەنگکردنی پێوەندییەکان نین، وەك چۆن پێشتر لەسەر میکانیزمی ئیدیۆلۆژیایی بوون شتێکی وەها دەوتران، ئەوە شتێکی تۆکمەو پڕ نییە تا زیادبکرێت لەسەر جیهانی ڕاستەقینە تا لە شێواندن و لادان و تێکچوونەکانی ئەو جیهانە کەم بکاتەوە، یان پێکناکۆکبوون و پارادۆکسەکانی پێ ڕووپۆش بکات، یان جیاوازییەکانی تێدا یەکبخات، تەنانەت دیکۆریش نییە تا ژیانی کۆمەڵایەتی پێ بڕازێنرێتەوە، بەڵکو ناوەڕۆکی ناواقیعیانەی کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەییە)) ئەو جیهانەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی تیایدا وەردەچەرخێت بۆ ڕواڵەت و ڕووخسارەکانی دەرەوە، لێکجیابوونەوەی وێنەکان، شتێك نییە دوورتر بێت لەو جیهانەی لێی داپچڕاوە، بەڵکو پێکدێت لە خودی ئەو جیهانە ئۆرگانییە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیانەش کە وەك نمایشسازی لە ڕووبەڕووبوونەوەیدایە، ئەو گشتێنراوە عەینییەیە کە هەر هەمان نمایش دەگرێتەوە، بۆیە دوبۆر لە پەرەگرافێکدا دەنووسێت((نمایش خۆی وا نیشان ئەدات کە هەموو کۆمەڵگەکەیە، کەچی شتێکە جگە لە مانای پیادەکردنێکی هەمووەکی بۆ ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکەی و هەروەها بۆ کارنامەکەی نەبێت، هیچی تر نییە))

نمایش پوختەیەکی گشتییە بۆ ماقوولیەتی کۆسوورێکی (منظومة) کۆمەڵایەتی، کەواتە کۆمەڵگەی نمایشساز کۆمەڵگەیەکە کە شتەکان لە ناواخنەکەی خۆیان دوور دەخاتەوەو ئەلتەرناتیڤەکەی ڕادەسپێرێت تا وێنەیەك لە شێوەی وێناندنەکەی خۆی نیشان بداتەوە، ئەو کۆمەڵگەیەیە کە جیهانی هەستپێکراو دەگۆڕێت بۆ پارچە وێنەیەك کە لەسەرەوەی خۆیەوە وێناندویەتی، دواتر وا خۆی پێشکەش دەدات، وەك ئەوەی تەنیا ئەوە بێت هەستپێکراوە بێ بەرابەرەکەی خۆی..

لێرەدا وا دەوترێت شتەکە بریتی نەبێت لە گەڕانەوەیەکی شێوەگرتوو بۆ تیۆری بەلاداخستن(استلاب)**، ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی دانەری ئەم بابەتە، بەسەر بەرگی کتێبەکەیەوە گوزارەیەکی لودڤیچ فیۆرباخی دانابێت کە تیایدا لەعنەت بەسەر ئەو کۆمەڵگانەدا دەبارێنێت کە هەموو شتێك وەردەچەرخێنن بۆ وێنە، یان ئۆرگیناڵ دەگۆڕن بۆ کۆپی، یان واقیع دەگۆڕن بۆ نواندن، یان بوون دەگۆڕن بۆ دیکۆر؛لەم بارەیەوە شتێکی تازە ئەگەر هەبێت و لە لایەن دوبۆرەوە چەسپێنرابێت، لە بنەڕەتەوە شتێکە پێی دەوترێت واقیعیەتی ڕەمزی، لەم سیاقەدا وا لە ڕواڵەتیش دەڕوانرێت وەك ئەوەی کەوتن و نسکۆو فەوتان و غوربەت بێت، بەو شێوەیە تایبەتمەندییەکی هەبوونی ڕاستەقینەیی هەیە، کاریگەرییە بەهێزەکەی لە بەرجەستەبوونەوەیەتی، لەوەیدا کەلێنێك بخاتە نێوان واقیع و خۆیەوە، ڕووداوەکانی نمایشسازی یان هەر بەرکەوتنێك بە زیندەبۆی کۆمەڵایەتی، بە سروشتی حاڵ پیاهەڵدانێکە بە ڕواڵەت دا،هاوشێوەی ئەوەی لای نیچە دەبینرێتەوە کە سەر لەنوێ چاوی خشاندەوە بە ئەنتۆلۆژیای ڕواڵەت دا، تەنانەت ئەمە وەسفێکی ئەو میکانیزمەیە کە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان جڵەوگیر دەکات، ئەو کۆمەڵگانەی وێنە تێیاندا پێگەیەکی مەزنیان هەیە، جیهان تیایدا دەبێتە وێنەیەکی جیهان.

ئەم گوزارەیەی کۆمەڵگەی نمایش، ناخرێتە پاڵ جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگە، بەڵکو دەخرێتە پاڵ ئەو میکانیزمانەی لەسەر کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دەچەسپێن، یان لەو کۆمەڵگانەی چنینە کۆمەڵایەتیەکەی خۆش دەویسترێت، نمایش ئەو میکانیزم و بزاڤە بێوچانەیە کە لەسەر ئەو کۆمەڵگانە دەچەسپێت، نمایش ئەو بزاڤە بێوچانەیە کە بە ئاست و پلەی جیاواز لەسەر ئەو کۆمەڵگانە دەچەسپێت، کاتێك هەمەشێوازێتی وەك ڕاگەیاندن و ڕیکلام و پڕوپاگەندەو بڵاوکراوەو وەشان و دروستکردنی ڕای گشتی بەکاردەهێنن تا جیهانی پێ وەرچەرخێنن، کە دواجار تەنیا بەهۆی وێنەوە نەبێت، ناتوانن هیچ شتێك بخەنە ناو لەپی دەستانەوە..

بەم شێوەیە نمایش تا نەبێتە جیهانێکی بینراو نابێتە هەوڵێك بۆ ئەو جیهانەی بە باشی و ڕاستەوخۆیی درکی پێ ناکرێت، (Spectateur)مرۆڤیش دەکاتە بینەرێکی تەماشاچی و بینراوێکی سەیرکراو..

ئەم مانایە بە عەرەبی وەك خۆی وێکنایەتەوە، بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ هاوشێوەکانی لە دەستەواژەکەیدا، ئەوەش لە ئەسڵی لاتینیەکەیەوەیە: بەوەدا (spectacle) بریتیە لەو شتانەی چاو بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، زاراوەی(spectacle) لاتینی بریتیە لەوەی سەیردەکرێت یان بینراوە. بەم شێوەیە دوبۆر جەخت دەکاتەوە لەوەی نمایش مەیلخوازە بەوەی ئەو جیهانە ببینین کە بە ڕاستەخۆیی درکی پێ ناکرێت، تەنیا لە ئەندامی چاودا ئەو هەستە باڵامرۆڤانەیە دەبینێتەوە..

کەواتە نمایش*** جەخت کردنەوەیە لە واقیعیەتێکی ڕواڵەتی، خۆبەدەستەوەدانی ئەو واتایەیە کە هەموو ژیانی مرۆڤایەتی چڕ بکرێتەوە بۆ ڕواڵەتێکی ڕووتەنی ، بەڵام ئەوە ڕواڵەتێکە مل کەچەو دەچەمێتەوە بۆ ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیانە(organisée socialement.) بەڵام دوالیزمی بوون و مولکایەتیکردنetre avoir بە تەنیا بەسە بۆ تێگەیشتن لە یەکەمین قۆناغی هەژموونکردنی ئابوورییانە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، کە هەر بەرهەمێکی مرۆڤانە وا دەناسێنێت کە بریتی بێت لەشێواندنی شیرازەی بوون و شیبوونەوەی یان دابەزینی بۆ ئاستی مولکایەتیکردن، کۆمەڵگەی نمایش دوالیزمەیەکی تریش دەخوازێت کە بریتیە لە بوونی فیعلی و ڕواڵەتسازانە (être/paraître) کەواتە ئەوەی لە بەرچاوان دەربکەوێت بە باش دەژمێردرێت و لە قەڵەم دەدرێت، ئەوەی باشیشە بووەتە ڕواڵەتی، نمایشیش شتە ڕواڵەتیەکان دەقۆزێتەوە، دەبێتە ڕەتکەرەوەیەك بۆ وێنەکانی ژیان، هەروەها دەبێتە ڕەتکردنەوەیەك بۆ خودی ژیانێك کە کەوتۆتە بەردیدی چاوان..

سەبارەت بەم پێگەیەی کە دوبۆر لە ژیانی هاوچەرخدا



به ڕواڵەتسازی دەبەخشێت، بۆ ئەوەی نییە تەنیا بیکاتە شێواندنێك یان دەرئەنجامی بەلاداخستنێك و ئیستیلایێك كە حەقیقەتی شتەكانی تێدا بشاردرێتەوەو واقیعی ڕاستەقینەی شتەكان ڕەنگرێژ بكات، بەڵكو بۆ ئەوەیە خۆی لە ناو واقیعەكەدا قاڵ بكاتەوە، ببێتە چنراوێك بۆ ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی، دواتر ئەم پێگەیەیە كە وای لە دانەرانی كردووە وا تەماشای بكەن كە لە پشتەوەی هەموو خوێندنەوە تازەكانەوەیە، ئەم خوێندنەوانەیەتی كە وای لێ كردووە بخرێتە ئەو چوارچێوەیەی كە وەك پێشی ئەو خوێندنەوانە بكەوێتەوە كە تەفسیریان بۆ ماركسیەت دادەڕێژایەوە، بە تایبەت بە لای ئەوانەوە كە هاوسۆزبوون بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی ماركسیەت، كە دواتر ئەمە وای كرد هەموو ئەو بەربەستانە تێپەڕێنێت كە تیۆرییانە دەیخستنە ڕوو، بەو شێوەیە پاشماوەكانی بەشێك لە دوالیزمەیی لە ناوهەناوی خۆیداهەڵدەگرت، بە تایبەتیش لە نێوان حەقیقەتی شتەكان و ئەو شێواندنەی شتەكان دوچاریان دەبۆوە، بۆ ئەو بەشەشی كە هەندێك دەیانگێڕایەوە بۆ چەند واتایەكی ئایینگەرایی، لەم چوارچێوەیەدا ڕەنگە پێویستیی؛ وا بخوازێت سەرلەنوێ چاوێك بخشێنینەوە بەو چەمكی ئیدیۆلۆژیایەی كە لای لوی ئاڵتۆسێرە، یان سەرلەنوێ چاوخشانەوەیەك بكەینەوە بەو تێبینیانەی جان بۆدریاركە لە لێكۆڵینەوەی ئابووری سیاسی بۆهێما ئەنجامی داون..

* ((ئەم وشەیەمان بە نمایشكار وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، لە كاتێكدا نووسەری وتارەكە خۆی بە الفرجە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام بە پێی فەرهەنگی لێكدانەوەی گوزارەكە وشەكە واتای خۆنمایشكردن دەنوێنێت، هاوكات خودی نووسەر لە وتارێكیدا كە ساڵی ٢٠٠٩ لە (الاوان) بڵاوی كردۆتەوە، دەڵێت:سادەو ئاسان نییە مانای پڕاوپڕی ئەو جۆرە وشە تێكچڕژاوە لە زمانی فەرەنسیەوە بە سادەیی بۆ زمانانی دیكە وەربگێڕدرێت، مەبەستی سەرەكی لەم وشەیە ئاماژەدانە بە سەیركردن یان دووركەوتنەوەو لە گرێژنەوە دەرچوونێكە كە ڕێكاوڕێك دەچەسپێتە سەر كۆمەڵگە هاوچەرخەكان، كە ژیانكردن تیایاندا دەكاتە سادەگۆیی و هەموو شتێك لە گرێژنەوە دەردێت و وەردەچەرخێتە سەر وێنەو نمایشسازی..

بە لای عەبدولسەلام بن عەبدولعالی نمایشسازیی لەو كۆمەڵگانەدا زۆر بە سانایی ڕواڵەتەكان دەقۆزێتەوە، نمایش دەبێتە ڕەتكردنەوەیەكی بینراویی ژیان، هەرچیش ژیان ڕەتبكاتەوە دەبێتەوە بە بینراو..))

** استلاب:لە بابەتەكەدا بە واتای خۆبەلاداخستن یان خۆبەپاشكۆكردن بۆ خۆرئاوا دێت

*** درككردنی جەوهەرییانەی ئەو وێنانە یان وێناندنەی كە دانەر لێیان دەدوێت لە خۆیدا وێنەیەكی جیاوازو هەڵگری تایبەتمەندی (خستنەڕوو) یان (خۆنمایشكردن)ی هەیە بۆ تەماشا، لەبەر ئەوە لە وەرگێڕانە كوردییەكەیدا لە وشەی (نمایش)دا چڕكراوەتەوە..

**گوڵان**

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانكۆی ربات**

**نمایش بریتی نییە لە هەندێ وێنەی سەرنجڕاكێش لەو وێنانەی كە لە فەزادا مەلە دەكەن و دەبنە مایەی وروژاندنی هەست و سۆزو ویژدان، بەڵكو بریتیە لە ((پێوەندییەكی كۆمەڵایەتی كە ناوەندكارییەكەی ئەو پێوەندییە پڕی لە وێنەیە))**

**ئەم وێنانەش جوانكاری نین بۆ ئەو پێوەندییە، تەنانەت ڕەنگكردنی پێوەندییەكانیش نین**



# شکستی سیاسەتی حکومەتی عێراق و هەڵکشانی کارە تیرۆریستیەکان



عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت، ئێستا دەرگای هەموو مەزندە و ئەگەرەکان بۆ ئاییندەی عێراق واڵان، هەرموو شرۆڤەوان و چاودێرانی سیاسیش لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆکاری سەرەکی گەیشتنی عێراق بەم خاڵە لە سیاسەتی هەڵەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هەوڵی پاوانکردنی دەسەڵاتیدا و هەوڵیدا ڕێڕەوی حکومڕانی لە عێراقدا بەرەو سەنتڕالیەتێکی بەهێز بەرێت کە ئەمەش وایکرد پرۆسەی سیاسی بە ئاستێك تێکبچێت تا بۆشاییی گەورە دروست بێت و تیرۆریستان بتوانن نەك هەر ئەو بۆشاییە بقۆزنەوە، بەڵکو شێوازی تاکتیکی کارە خۆکوژیەکان لە خۆ تەقینەوە و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلەوە بگۆڕن بۆ هێرشی خۆکوژی و هەوڵبدەن دەستبگرن بەسەر دامەزراوەکانی ئاسایش و بەندیخانەکان و بارەگاکانی دیکەی هێزی چەکداری لە عێراقدا، ئەمەش وایکردووە کە بارودۆخی ئێستای عێراق بگاتە ئەو ئاستەی کە بە هاوشێوەی ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ سەیر بکرێت. بەڵام دیسان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە هەست دەکرێت بارودۆخەکە لەوەش ترسناکترە و ناتوانرێت وەك ساڵی ٢٠٠٧ بیر لەوە بکرێتەوە ئەمریکا بە پەلە هێزی زیادە ڕەوانەی عێراق بکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی پێبکاتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەرکەکە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی ئێستای عێراق بەوەی تاچەند گۆڕانکاری لەسیاسەتی خۆیدا دەکات و هەوڵدەدات کێشەکانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بە تایبەتی کورد و سوننە چارەسەر دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە کاتێك لە دیدی سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی سەیری چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەکرێت، ڕاشکاوانە هەست دەکەین هەموو ئومێدەکان گرێدراونەتەوە بە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە هەڵبژاردنەکان دەبێتە میکانیزمێك لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستا و دەبێتە هۆکارێك بۆ دوورخستنەوەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لە پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەمەش دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی کەشێکی سیاسی لەبار بێتە ئاراوە و پرۆسەی سیاسیی بێتەوە سەر ڕێگەی خۆی پاشان عێراقیەکان بە دانوستاندن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام وەك حوسێن عەلوان پەرلەمانتاری کوتلەی ئەحرار لە لیستی ئەلعراقیە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان ئاماژەی پێکرد، ئەم مەزندانە دەکەونە سەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان و ناکرێت لە ئێستاوە پێی گەشبین بین و لەمبارەوە وتی: (هەر گۆڕانکارییەك بێتە ئاراوە دەوەستێتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بۆیە جارێ ناتوانین پێشبینی بکەین لە هەر گۆڕانکاری و دەرئەنجامێك، بە تایبەتیش کە پێشتر چەندین ناکۆکیمان بینی لە نێوان هاوپەیمانی نیشتمانی و لیستی عیراقییە، بۆیە دیار نییە شێوەی ئەو حکومەتەی داهاتووی عیراق چۆن دەبێت. هەروەها زۆر بەربەست و ئاستەنگ دێنە بەردەم ئەو هەڵبژاردنانە کە کاریگەرییان دەبێت، لەوانە خراپیی بارودۆخی ئەمنی لە عیراق، زۆر پێویستە ئەو دەم و چاوانە بگۆڕێن، چونکە بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو حکومەت شکستی هێنا لە دابینکردنی سەقامگیریی ئەمنی و حزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بۆیە ئەم گۆڕینە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیش لە عێراق بەرەو ئاستێکی دیکە دەبات)).

کەواتە ئەوەی حوسێن عەلوان وەك سیاسەتمەدارێکی عێراقی بارودۆخەکە دەخوێنێتەوە جیاوازە لەو گەشبینەی لەدەرەوە بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە مەرج نییە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هیچ لە بارودۆخەکە بگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستای دەوڵەتی عێراقدا کە کارێکە هەموو لایەك بە پێویستی دەزانێت.

هەر لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بە هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پرسیارمان لە واسق هاشمی نووسەر و شرۆڤەوانی سیاسی کرد، ئەو لەوەڵامدا بە گوڵانی ڕاگەیاند، پێش هەموو شت پێویستە کێشەکان بە شێوەیەکی سیاسیی لەنێوان هەرسێ پێکهاتەی هاوپەیمانی کوردستانی و هاوپەیمانی نیشتمانی و لیستی ئەلعراقیە چارەسەر بکرێت، پاشان بیر لە گۆڕانکاری یان سەقامگیری بکرێتەوە، لەمبارەوە وتی: (لەو باوەڕەدام بەر لە هەموو شتێك پێویستە ڕەوشی سیاسی چاك بکرێت دواتر ڕەوشی ئەمنی، چونکە هەر ئەشکالێك بمێنێ لە پرسە سیاسییەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ سەر بارودۆخی ئەمنی لە عێراق، وێڕای ئەمەش پێویستە هەر سێ هاوپەیمانییەکەی نیشتمانی و سوننی و کوردی چاو بخشێننەوە بە ئاییندەی هاوپەیمانییەکانیان تاکو دەرفەتێکی دیکە بڕەخسێنن بۆ حوکمی ئاییندەی عیراق کە ئێستا چەندین ئەجندای دیکە لە ئارادایە کە ڕەنگە زیان بە وڵات بگەیەنن و بەرەو کارەساتی دیکەی بەرن کە ئەویش ململانێی سیاسی و مەزهەبییە لە نێوان سەرجەم لایەنەکان کە وا لە هاووڵاتیان دەکات ڕوونەکەنە سندووقەکانی دەنگدان و لە ئەنجامدا پرۆسەکە شکست بێنێت و ئەو ئەنجامە نەپێکێت کە هەموو عێراقییەکان لە چاوەڕوانیدان، سەبارەت بەوەی کە ئایا کام لایەن لە هاوپەیمانێتی نیشتمانی ئەمجارە بە تایبەتی ڕەوتی سەدر یان ئەنجومەنی باڵا سەرۆك وەزیرانیان لێ هەڵدەبژێردرێت؟، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە کەوتووینەتە بەر کاریگەریی ئێران و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە ئەوان بەرژەوەندییان چۆن بخوازێت وا دەکەن، من پێموایە لەبەر ئەوەی نزیکبوونەوە هەیە لە هەڵوێستی ئێران و ئەمریکا بۆیە ئەم جارەش شانسی مالیکی هەیە بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران هەڵبژێردرێتەوە ئەویش بە فشاری ئێران و پشتیوانیی ئەمریکا، بەڵام پرسیاری ئێمە وەك هاووڵاتیانی عێراق ئەوەیە: بە درێژاییی دە ساڵی ڕابردوودا چیمان بینی؟ کاولکاری و کوشتن و دواکەوتوویی و نەبوونی خزمەتگوزاریی و ململانێی سیاسی نێوان هەر سێ کوتلەی سەرەکیی پەرلەمان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی کردەسەر ئاستی پەرەپێدان و گۆڕانکاریی کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە هاووڵاتیان لە ئێستاوە لەدڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆردا دەژین و بەترس و لەرزەوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن و بە تەواویش دڵنیان لەوەی هەمان دەموچاو و هەمان ململانێ دووبارە دەبنەوە، چونکە ئەزموونی پێکهاتەی سیاسی و حزبیی ساڵانی پێشوو



**حوسێن عەلوان بۆ گوڵان:**

## بەدرێژایی دە ساڵی رابردوو حکومەت شکستی هێنا لە دابینکردنی سەقامگیریی ئەمنی و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان



**واسق هاشمی بۆ گوڵان:**

## ئەزموونی پێکهاتەی سیاسی و حزبیی ساڵانی پێشوو ئەو وێنەی بە روونی بۆ هاووڵاتیان خستۆتە ڕوو کە کەسانێکی دیکەی دیموکراتخواز و لیبرال نایەنە سەر شانۆی سیاسەت و حوکم



**کازم شەممەری بۆ گوڵان:**

## دەساڵ بەسە بۆ گۆڕینی سیستەمەکەو ئەوەی کە پێی دەڵێن پاشماوەی رژێم و بنبڕکردن و ریشەکێش کردنی بەعس بۆیە پێویستە چاو لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەن

ئەو وێنەی بە روونی بۆ هاووڵاتیان خستۆتە ڕوو کە کەسانێکی دیکەی دیموکراتخواز و لیبرال نایەنە سەر شانۆی سیاسەت و حوکم، تاکو هەر نەبێ لە ئێش و ئازاریان کەم بکەنەوە)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو گرەوەی لەسەر گۆڕینی دەموچاوەکان دەکرێتەوە بێ ئەوەی جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێتەوە، کازم شەممەری پەرلەمانتار و وتەبێژی کوتلەی بەیزا بە گوڵانی راگەیاند گۆڕینی دەموچاوەکان کێشەکان چارەسەر ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتمەدارانەی ئێستا لە عێراق حکومڕانی دەکەن بەسروشتی نەهاتوونە سەر شانۆی سیاسەت هەتا بتوانن بە شێوەیەکی لۆژیکانە کێشەکان چارەسەر بکەن و لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی:(نابێ زۆر پشت بە هەڵبژاردنی داهاتوو ببەستین ئەگەر هەندێ دەم و چاویش گۆڕان بەڵام هەمان لایەن و حزب و سیاسەتەکانی پێشوون، هەروەها هەمان ئەو لایەن و دەوڵەتانەیشە کە پشتیوانیان لێدەکەن، بۆیە من پێموایە کە ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی ئێستا حکومڕانی دەکەن بە شێوەیەکی سروشتی نەهاتۆتە نێو دنیای سیاسییەوە، واتا ئەو کاتەی کە بیرکردنەوەو کارکردنی دژی رژێمی پێشوو بوو، ئێستاش بە هەمان شێوە بیردەکاتەوە وەك بڵێی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەو چینە پێشتر خۆی دادەنا کە دژی رژێم بوو بەڵام لە ئێستادا وابیر دەکاتەوە کە هەموو خەڵکی عێراق دژی ئەوە، ئەمرۆ کە دەسەڵاتی بەدەستە لە رێگای سوپاوە دەیەوێت تۆڵە لە خەڵك بکاتەوە، هەر بۆیە خەڵکەکەش خۆشەویستی و سۆزی بۆ سوپاو هێزی چەکدار نییە، چونکە دەسەڵات وا دەزانێت و بە تێڕوانینی ئەو کە هەموو گەلی عیراق تیرۆریستە، هەڵمەتی پەلاماردان و هێرشکردنە سەر ماڵان و دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ بێ ئەوەی بزانن چ تاوانێکیان کردووە ئەمە جۆرە نائومێدییەکی لای گەلی عێراق هێناوەتە ئاراوە، هاووڵاتیان باجی زۆریان داوە بە درێژایی ئەو دەساڵەی رابردوو، بەڵام پێویستە سیاسەتمەداران و ئەوانەی حوکمڕانییان بەدەستە بە چاوێکی رێزەوە بڕواننە ئەو قوربانییانەی کە گەلی عێراق لەو ماوەیەدا پێشکەشی کردوون، لە راستیدا هەمان کەسن ئەوانەی پێشتر ئەندامی ئەنجومەنی حوکم بوون، ئێستاش ئەندامی پەرلەمانن لە هەموو خولەکاندا لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەمدا، لە راستیدا هەموومان لەم دەموچاوانە بێزار بووین، بۆیە پێویستە بگۆڕێن و گەنج و لاوی رۆشنبیر و خوێن گەرم بێنە گۆڕەپانەکەوە و عێراق بەرەو ئاراستەو ئاییندەیەکی روونتر و پڕشنگدار بەرن. بۆیە ئەو بژاردەو تاقمە تازەیەی دێنە سەر حوکم پێویستە چاك بزانن کە ئەم عێراقە هی هەمووانەو خێر و داهاتەکشی موڵکی سەرجەم لایەن و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەو دەبێ هەموومان سوودی لێ وەربگرین، دەبێ بڕوایان بەوە بێت کە دەساڵ بەسە بۆ گۆڕینی سیستەمەکەو ئەوەی کە پێی دەڵێن پاشماوەی رژێم و بنبڕکردن و ریشەکێش کردنی بەعس، بۆیە پێویستە ئەوان چاو لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەن لە پرەنسیبی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن بۆ ئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا)).



## جاکۆب شاپیرۆ بۆ گوڵان:

# من هەرێمی کوردستان بە بەشێک لە عێراق نازانم و تەنها بەناو بەشێکە لەو وڵاتە

**پرۆفیسۆر جاکۆب ئێن شاپیرۆ ئوستادی سیاسەت و کاروباری نێودەوڵەتیە لە زانکۆی پرینستۆن و بەڕێوەبەری دیراساتی چارەسەرکردنی تەنگژە و تایبەتمەندە لەسەر توندوتیژی سیاسیی و زۆنی تەنگژە و سیاسەتی ئاسایش، هەروەها خاوەنی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی زیادکردنی هێز: نچۆن توندوتیژی لە عێراقی ٢٠٠٧ نەهێشت؟ بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و ڕەوشی ناسەقامگیری عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر شاپیرۆ کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بوشدا، ئەمریکا هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستانی داگیرکرد بۆ لەناوبردنی بنکەی تیرۆریستان لەم دوو وڵاتەدا، بەڵام دواتر بوونە گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دۆخەکە بەم ئاڕاستەیەدا ڕۆیشت و بەو شێوەیە نەبوو کە ئەمریکا پێشبینی کرد؟**

- ئەمە شکستی سیاسەتی عێراقە، لەبەر ئەوەی ماوەیەك ئاشتی و سەقامگیریەکی ڕێژەیی باڵی –بەسەر عێراقدا -کێشابوو، لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا، کە ئەمەش بەهۆی فیداکاری و قوربانیەکی بێئەندازەی عێراقیەکان و زۆرێك لە لایەنەکان و هەروەها هێزە هاوپەیمانەکانەوە، بە تایبەتی هێزەکانی ئەمریکا - بەدەستهێنرابوو. ئەو سەقامگیریش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی چەندین ریککەوتن – سازشی -سیاسی بکرایە، کە سەری بکێشایە بۆ حکومەتێك کە هەموان لە خۆبگرێت، لەبەر چەندین هۆکار ئەمە روویندا. حکومەت بە ئاڕاستەیەکدا کاری نەکرد مەزلومیەتی سوننەکان لە مەودای دووردا چارەسەر بکات، بە شێوەیەك کاری نەکرد وڵاتەکە پێکەوە و بە راددەیەکی گەورە گرێبداتەوە. بەڵکو لە سیاسەتی ئیقلیمیەوە تێوەگلا و کاتێك شەڕی سوریا بەرپابوو بێلایەنی خۆی نەپاراست. هەموو ئەم هۆکارانە وایانکرد دۆخەکە بە ئاڕاستەیەکدا بڕوات کە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی شتێکی مومکین بێت. کەواتە لەم رووەوە ئەمە شکستی سیاسەتی ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە نییە، بەڵکو شکستی سیاسەتی عێراقە.

*** ئەمریکا ویستی ئەوە پیشانی رای گشتی خۆی بدات کە بە کشانەوەی لە عێراقدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام ئێستا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبینین کە تیرۆر لە عێراقدا بە تەواوەتی لە کۆنتڕۆڵی حکومەتدا نەماوە، بۆچوونی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

**بە داخەوە ڕێگای گەیشتنی عێراق بە سەقامگیری و بە وڵاتێک کە بەباشی ڕێکخرابێت، زۆر دوورودرێژترە لەوەی زۆرێک لە ئێمە پێشبینیمان دەکرد**



باوەڕم وایە بۆ ماوەیەک بارودۆخەکە خراپتر دەبێت تا ئەو کاتەی حکومەتی مەرکەزی ئامادەی هەندێ سازش دەبێت، ئەگەر بە راشکاوی بدوێین سازش لە ئاست سوننەکاندا. بە شێوەیەک بکرێت کە بەچەشنی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ زۆربەی تیرۆریستە دەرەکیەکان بە رەوتێکی خێرا دووربخرێنەوە لە توندوتیژیەکە

گۆڕانی ئەم ستراتیژیەتە لە بنەڕەتدا رەنگدانەوەی سروشتە سیاسییەکەی ئەم کێشەیەیە، چونکە بەشێکی دانیشتوانەکە هەن کە بێئەندازە بێزارن لە ئاست ئەو رێککەوتن و سازشانەی حکومەتی ئێستا دەیەوێت لەگەڵیاندا ئەنجامی بدات

- پێدەچێت من نەتوانم ئەوەندە دوور بڕۆم- لە لێکدانەوەکانمدا -پێموایە پێویستە هێڵە گشتیەکانی رێککەوتن کە هەموو لایەنەکانی عێراقی رازی بـکات بهێنرێنە ئاراوە. باوەڕم وایە بۆ ماوەیەك بارودۆخەکە خراپتر دەبێت تا ئەو کاتەی حکومەتـی مەرکەزی ئامادەی هەندێ سـازش دەبێت، ئەگەر بە راشـکاوی بدوێین سازش لە ئاست سوننەکاندا. بـە شـێوەیەك بکرێت کە بەچەشـنی سـاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ زۆربەی تیرۆریسـتە دەرەکیەکان بە رەوتێکی خێرا دووربخرێنەوە لە توندوتیژیەکە. ئەوەی دەیبینین شـتێکی تراژیدیە، بەڵام هەنگاوەکان بە ئاڕاستەیەکدا هەڵگیران کە دوورکەوتنەوەبوو لە دابەشـکردنی لۆجیکیانەی دەسەڵات لـە وڵاتەکەدا، هەروەها لـە کاتێکـدا دەرئەنجامەکانی ئەو هەنـگاوە روونتر دەبن، ئەوا ئەگـەر هەنگاوە بەرەو دابەشـکردنێکی لۆجیکیانـەی دەسـەڵات بنرێت، ئەوا تیرۆریزم پاشەکشە دەکات و ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن ریشەکێش دەکرێن، هەروەك پێشتر روویدا.

*** چاودێران و شـارەزایان هاوڕان لەسەر ئەوەی هۆکاری زیادبوونـی توندوتیژی بۆ حکومڕانی خراپی مالیکی و پارتەکـەی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بـە مانای لاوازبوونی هاوپەیمانی سیاسـی مالیکی دێـت، هەروەها بە مانای لاوازبوونی دامەزراوەکانیش دێت، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا رەفتارەکانـی مالیکی بە مانای ئەوەنییە دیکتاتۆرێك لە ئاسۆدا دەرکەوتووە؟**

- پێموایە ئەو مەترسیە لە ئارادایە، بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە کەبەهۆی رووداوەکانی ئەم دواییەوە ئەوە روونەدات، بەلای کەمەوە روونـادات لە کاتێکدا چەندەها رووداو دەگوزەرێن کە لەگەڵ بنکە سیاسـییەکەیدا یەکناگرێتەوە. ئومێدی من ئەوەیە بگەنـە دەرئەنجامێك-بگەنە ئەو قەناعەتەی- کە پێویسـتە رێککەوتن- سـازش- بکەن و چیتر ناتوانن وەك رابردو دیکتاتۆریەت دروسـت بکەنەوە، چونکە ئەمە سـەرکەوتوو نابێت. لە راستیدا ژمارەیەکی زۆری چەکی بچووك و شارەزایی سـەربازی لە نێو خەڵکەکەدا هەن و چەندەها چەکداری دەرەکی دێنە نـاوەوە، کە دەبنەهۆی ئەوەی ئەوە بەردەوام نەبێت یان دانەمەزرێت.

*** ئێستا تەکتیکی تیرۆریستان گۆڕاوە لە عێراقدا، پێشتر تەنها ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکـراو و تەقینەوەی خۆکوژی بوو، ئێسـتا لە رێـی خۆکوژەکانەوە هێرش دەکەنەسـەر زیندانەکان، وەك ئەوەی لە ئەبوغرێب روویدا، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە تیرۆریسـتان تەحەددای حکومەتی عێراقی دەکەن؟**

- پێموایە ئەوان دەیانەوێت فشـار بخەنەسـەر حکومەتی عێراق، جیاوازی هەیە، ئەوان زۆر دوورن لەوەی تەحەددی حکومەتی عێراق بکەن لە رووی پاراسـتنی دەسەڵاتەوە. بەڵام گۆڕانی ئەم سـتراتیژیەتە لە بنەڕەتدا رەنگدانەوەی سروشتە سیاسییەکەی ئەم کێشـەیەیە، چونکە بەشێکی دانیشـتوانەکە هەن کـە بێئەندازە بێزارن لە ئاسـت ئەو رێککەوتـن و سازشـانەی حکومەتی ئێسـتا دەیەوێت لەگەڵیاندا ئەنجامی بدات، کەواتە ئەوان فشـار لە دژی حکومەت دەکەن. لە زۆر رووەوە ئەوە باشـترە، بە بەراورد بەوەی لە رابردودا روویـدا، کە خەڵکەکە دەکرانە ئامانج. بـەڵام کاتێك دەتوانن ئەم کارە بکەن، ئەمە بە مانای ئەوە نایـەت دەتوانن تەحەددی حکومـەت بکەن، بەڵکو تەنها



دەیانەوێت پەیامێك بۆ حکومەت بنێرن.

*** بارودۆخێکی مەترسیداری دیکە بریتییە لەوەی لە شەڕی دژە تیرۆر و ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا عێراق لە هەوڵی بەدەستهێنانی هاوکاری وڵاتانی دیکەدایە، وەك ئێران، ئەمەش مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی لە پاڵ زیادبوونی نفوزی تیرۆردا نفوزی ئێرانیش زیاتر بێت لە عێراقدا، تا چ رادەیەك ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیری و سەروەری عێراق؟**

- من ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت بە مەترسیدار نازانم. پێموایە شتێکی سروشتیە بۆ دەوڵەتێك کە رووبەڕووی دۆخێك لەم شێوەیە بۆتەوە کە رووبکاتە ئەوانی دیکە بۆ هاوکاری. ئومێدی من ئەوەیە ئەم هەوڵە هاوشان بێت بە هەوڵی ئاشتەوایی سیاسی، ئایا ئەمە روودەدات یان نا، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین. بە داخەوە رێگای گەیشتنی عێراق بە سەقامگیری و بە وڵاتێك کە بەباشی رێکخرابێت، زۆر دوورودرێژترە لەوەی زۆرێك لە ئێمە پێشبینیمان دەکرد. کەواتە مەرج نییە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری دەرەکی خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپ بێت، ئەگەر هاوشان بێت بە هەوڵدان و هەنگاوهەڵگرتن بە رێککەوتن و سازشی سیاسی، کە ببنەهۆی ئەوەی چیتر ناکۆکی پێویست نەبێت، نەك پێویست نەبێت، بەڵکو هۆکار و پاڵنەرەکانی ناکۆکیەکە نەهێڵرێن.

*** هەرێمی کوردستان کە هێشتا بەشێکە لە عێراق، هەرێمی ئارام و سەقامگیرە و ئەزموونێکی دیموکراسی هەیە، حکومەتی عێراقیش نەك هەر هاوکاری ئەم هەرێمە ناکات، بەڵکو کێشەشی بۆ دروست دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە گەشەکردن و سەقامگیری ئەم هەرێمە دەکات؟**

- پێموایە گرنگیەکی تەواوی هەیە، من کوردستان بە بەشێك لە عێراق نازانم، تەنها بە ناو نەبێت، لەبەر ئەوەی ئاوێتەبوونێکی زۆر لە نێوان کوردستان و عێراقدا نابینم، هەروەك ئەوەی لە وڵاتێکی ئاوێتەبوودا دەیبینم، سوپای عێراقی ناچێتە ئەو بەشەی وڵاتەکەوە، کۆنترۆڵکردنی سنور هەیە و ئیدارەیەکی جیاواز-سەربەخۆ- هەیە. ئێمە — بەم وڵاتە- دەڵێین عێراق، بەڵام رەنگە دوو بۆ سێ وڵاتی جیاواز بێت. تەحەددی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە لە کاتێکدا تەرکیزی سەرجەم دامەزراوەکانی لەسەر پشتیوانیکردنە لە دەوڵەتی نەتەوەیی، ئیتر چۆن بتوانێت هاوکاری کوردستانی عێراق بکات ئەگەر بڕیاریدا ئەم کارە بکات، ئەمە پرسیارێکی قورسە و ئومێدەوارم خەڵکی بیری لێبکەنەوە. بەڵام بە تێڕوانینی من بوونی کوردستانێکی سەقامگیر زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە و شایستەی ئەوەیە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، پێموایە تا رادەیەك ئاسانترە کە دەوڵەتان بە تەنها پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان (KRG)بکەن، رەنگە ئەمریکا و بەریتانیای مەزن و فەرەنسا، ئەم کارە بکەن، بەڵام زۆر زەحمەتترە بۆ یەکێتی ئەوروپا-ئەویش بەهۆی بونیادەکەیەوە- ئەم کارە بکات. بە مەزەندەی من وڵاتگەلێك دەبن کە ئامادەیی پشتیوانیکردن بن، بەڵام زۆر زەحمەتە بۆ هەر دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی ئەم کارە بکات.

**تەحەددی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە لە کاتێکدا تەرکیزی سەرجەم دامەزراوەکانی لەسەر پشتیوانیکردنە لە دەوڵەتی نەتەوەیی، ئیتر چۆن بتوانێت هاوکاری کوردستانی عێراق بکات**

**بە داخەوە رێگای گەیشتنی عێراق بە سەقامگیری و بە وڵاتێک کە بەباشی رێکخرابێت، زۆر دوورودرێژترە لەوەی زۆرێک لە ئێمە پێشبینیمان دەکرد**



جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتی لە سوریا کردووەو هیچ دەوڵەتێک نایەوێت بە سوریاوە تێوەبگلێت

**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی ئۆکلاهۆماو تایبەتمەندە لەسەر بارودۆخی سوریا و سەردانی سوریا دەکات و لەنزیکەوە چاودێری بەرەو پێشەوە چوونی سوریا و فاکتەرە پێوەندارەکان بەو کێشەوە دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سوریا، ئەم توێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆرلاندیز ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** دوای سێ ساڵ لە کوشتنی مەدەنیەکان، ئێستا کارە تاوانکارییەکانی بەشار ئەسەد سەرنجێکی کەم بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، سەرەڕای دەرکەوتنی لە ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیدا کە تەحەددای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات. بە تێڕوانینی ئێوە، چۆن سیاسەتی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ ئەسەدو ڕژێمەکەیدا دەکات؟**

- ئاشکرایە دۆخێکی دڵڕەقانە هەیە لە سوریاو بەرەو خراپتریش دەچێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ سوریایەکانی جێهیشتووە، ئەمە زۆر ڕوونەو کەس نایەوێت لە بارودۆخی سوریاوە تێوەبگلێت.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە حاڵی حازر ئەسەد هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو خاکی سوریا دەدات، لەبەر ئەوەی ئەسەد بەهێزترەو ئەمەش وای لێدەکات بەهێزتر بێت لەسەر ئەرزی واقیع. تا چ ڕاددەیەك مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر نەتەوەکەی دەمێنێتەوە؟**

- زۆر زەحمەتە پێوانەی ئەمە بکەیت، لەبەر ئەوەی هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەبەرامبەر موعارِەزەدا. هەروەها لەگەڵ ئەوەی بەم دواییە خاکی زیاتر بەدەست دەهێنێتەوە لە حەلەب و لە دەوربەری دیمەشق و حیمس. لەلایەکی دیکەوە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەیت کە سەرکەوتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بەرهەڵستی دەکرێت، ئیتر لە دیمەشق بێت، یان لە حیمس و حەما، واتە لە هەموو شوێنێك بەرهەڵستی هەیە. ئەگەرچی ئەو پشتیوانی ئێران و حزبوڵای هەیە، بەڵام ئێمە بینیمان تەقینەوە لە لوبنان ڕوویدا، کە ئەمەش ئاماژەیە بە بڵاوبوونەوەو بەرفراوان بوونی شەڕەکە، لەبەر ئەوەی موعارِەزە واز ناهێنێت. شەڕەکەش پەلی کێشاوە بۆ عێراق و شەڕی بەردەوامی عێراق لە ڕووی تەقینەوەو بۆمب دانانەوە، لە

زۆر ڕووەوە، گوزارشتە لە گۆڕەپانە بەرفراوانەکە لە نێوان شیعە و سوننەدا لەم ناوچە بەرفراوانەدا.

*** بەهۆی پەرت و بڵاوی گرووپەکانی موعارەزە لە سوریا، کۆنفرانسی جنێف دوو دواخرا، ئەمەش بۆتەهۆی بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆنفرانسی جنێف ١. لەبەر ئەوەی ئەسەد لە کۆنفرانسی دووەمدا دەسەڵات جێناهێڵێت، چۆن وەرچەرخانی سیاسی ڕوودەدات لە سوریادا، لە کاتێکدا ئەسەد لە دەسەڵاتدایە؟**

- ئەمە کێشەی هەموو پرۆسەکانی جنێف بووە، تاکە ڕێگا بۆ قەناعەت پێهێنانی موعارەزە بۆ ئەوەی ئامادەبن ئەوەیە باس لە قۆناغی ڕاگوزەری بکرێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆژئاوا بە هیچ شێوەیەك ڕێگایەکی نییە بۆ زەمانەتکردنی هێنانەئارای قۆناغی ڕاگوزاری. هەموو کەسێك ئەو ڕاستیە دەزانێت و موعارەزەش دەزانێت و جیهانیش دەزانێت، ئەگەر وایان لێبکرێت ئامادەی کۆنفرانسی جنێف بن، ئەوا ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەد دەکەن و ئەوانیش نایانەوێت ئەم کارە بکەن، لەبەر ئەوەی هێشتا باوەڕیان وایە دەتوانن ئەسەد ببەزێنن و دەبێت بیبەزێنن، ئەسەدیش باوەڕی وایە دەتوانێت موعارەزە تێکبشکێنێت. ڕۆژئاوا بە دوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕێت بۆ ڕاگرتنی توندوتیژیەکەو ڕاگرتنی شەپۆلی پەنابەران و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی شەڕەکە، بۆ نموونە بەرەو لوبنان و عێراق.

*** لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو بەرە دروستبوون لە ئاست کێشەی سوریادا، یەکەمیان لەگەڵ مانەوەی ئەسەددا لە دەسەڵاتدا کە عێراق و ئێران و حزبوڵان، بەرەی دووەم لەگەڵ ڕوخانی ئەسەددایە کە بریتین لە سعودیەو قەتەر و تورکیا. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ ڕادەیەك ئێران و حزبوڵا سەرکەوتوو بوونە لە پشتیوانیکردنی ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە؟**

تا ئێستا بەرەی شیعەکان سەرکەوتوو بوون، مالیکی سوننەکانی وڵاتەکەی تێکشکاندووە- ئەگەرچی تێکشکاندنێکی تەواوەتی نییە، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە تەقینەوەو ڕووداوی هاوشێوە ڕوودەدەن. ئێرانیش لەگەڵ ئەمەریکادا گفتوگۆ دەکات و ئەمەش یارمەتیدەر بۆ ئێران و حزبوڵاش یارمەتی ئەسەد دەدات، ئەگەرچی لە ڕووی سەربازییەوە ئەدایەکی باشیان هەبووە، بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتیەکی تۆکمەیان هەیەو پلانیان هەیە، بەڵام ناتوانن ئەم بەرهەڵستکارییە بەربڵاوە لە ناو ببەن، بەلای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا، لەبەر ئەوەی بەرهەڵستیەکی بەربڵاوەو لەلایەن تەواوی جیهانی سوننەوە پشتیوانی دەکرێت، جیهادییەکان لە هەموو گۆشەو کەنارێکی جیهانی سوننەوە بەرەو سوریا دەچن....لە کوەیت و وڵاتانی کەنداو و چەندین لایەنی لە کەرتی تایبەت داراییان بۆ دابین دەکەن و حکومەتیش داراییان بۆ دابین دەکات، زۆرینەی موسڵمانەکانیش لە جیهانی ئیسلامیدا سوننەن، کە نزیکەی لە سەدا ٨٠ دەکات و لە سەدا ٦٠ی دانیشتووانی سوریاش عەرەبی سوننەن، کەواتە زۆر زەحمەتە ئەوە ببینین کە ئەسەد چۆن ئەمە لە ناو دەبات. موعارەزە لە سوریادا بێ سەروبەرەیەو سەرکردایەتیەکی ناوەندییان نییەو لە نێوخۆیاندا شەڕدەکەن و ئەم شەڕە ناوخۆییەی خۆشیان بە ڕاستی لاوازیان دەکات، ئەوەندە بەهێز نییە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەوەندە بەربڵاویشە کە ناتوانرێت شکستی پێبهێنرێت.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە لابردنی مورسی لە دەسەڵات لەلایەن سوپای میسرەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بێت لە ئاست کێشەی سوریادا، کە بە هەمان شێوە ترسی ئەوەیان هەیە ئیسلامیەکان لە سوریادا دەسەڵات بگرنەدەست. تا چ ڕادەیەك لابردنی مورسی لە دەسەڵاتدا هۆکارێك بوون بۆ مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا؟**

- ئەوە گرنگ بوو، ئەسەد گۆڕانکاری گەورەی بینی لە جووڵەی نێوان هێزە ئیسلامیەکان و هێزی سوپای عەلمانیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاشکرایە ئەمە فریاکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەسەد. مورسیش توانای ئەوەی هەبوو جیهادییەکان بنێرێت بۆ سوریاو ئیدانەی ڕژێمەکە بکات، مورسی بە شێوەیەکی سەرەکی دژایەتی ڕژێمی سوریای دەکرد، کەواتە کاتێك کەوت و لەلایەن سوپاوە لە دەسەڵات دوورخرایەوە، ئاشکرایە ئەسەد ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە لێکدایەوە. ئەو ڕاستیەی کە وڵاتانی ڕۆژئاواش ڕەخنەیان لە سوپا نەگرت، ئەمە خۆی بە خۆی ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بوو.

*** بۆ گۆڕینی هاوکێشەی دەسەڵات لە سوریا، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی موعارەزە بکات و چەکی پێبدات بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵات دووربخاتەوە. تا چ ڕادەیەك پێشبینی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەسەد ناچار دەکات دەستبەرداری دەسەڵات بێت لە ڕێی چەکدارکردن و پێدانی چەك بە موعارەزەوە؟**

ئەوە ڕوونادات، حاڵی حازر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر ترسی لە موعارەزەی سووری هەیە، ترسی لە دەسەڵاتی ئەل قاعیدە هەیە، ترسی هەیە لەوەی گەورەترین میلیشیا بریتیە لە میلیشیای سەلەفیەکان،-ترسی هەیە لە- بانگەشەی جێبەجێکردنی شەریعەو جیهاد و تاد، ئەوان هێزگەلێکی دیموکراتی نین و باوەڕیان بەوە نییە سوریا-وڵاتێك بێت- هەموو لایەك بەشداری تێدا بکەن.

**حاڵی حازر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر ترسی لە موعارەزەی سووری هەیە، چونکە ئەوانیش هێزگەلێکی دیموکراتی نین و باوەڕیان بەوە نییە سوریا-وڵاتێک بێت- هەموو لایەک بەشداری تێدا بکەن**

**ڕۆژئاوا بە دوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕێت بۆ ڕاگرتنی توندوتیژیەکەو و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی شەڕەکەو ڕاگرتنی شەپۆلی پەنابەران بەرەو لوبنان و عێراق**

ئیبراهیم نەسرەدین بیرمەندی میسر بۆ گوڵان:

# دەبێ ڕێکخستنەکانی ئیخوان هەڵوەشێتەوەو داوای لێخۆشبوونیش لە گەلی میسر بکەن

**دکتۆر ئیبراهیم نەسرەدین بیرمەندی میسری و مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی قاهیرە هۆشدارییی دا لەوەی کە ئەلتەرناتیفی داهاتووی حوکم لە میسرحزبی نوری سەلەفی و پاشماوەکانی ئیخوان موسلمین بن، ئەگەر ڕەوشەکەی ئێستا هەروا بەردەوام بێت و بە توندیش ڕەخنەی لە حکومەتی ئێستای میسر گرت،کە دەڵێت ئەو حکومەتە زیاتر حساب بۆ دەرەوە دەکات لەجیاتی ئەوەی بایەخ بە کێشەکانی میللەت بدات کە لە ٣٠ یۆنیۆ ڕاپەڕینی کرد،هاوکات هەموو ئەو بیرۆکانەی ڕەتکردەوە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیخوان موسلمین دەخرێنە ڕوو، بەوەش وەسفی کردن کە هیچ بەڵێنیان نییەو دان نانێن بە نیشتمان و هاووڵاتیبوون، بۆیە وا دەخوازێت دادگا بەزووترین کات بڕیاری گرتنیان و دەستبەسەرداگرتنی سامان و ماڵ و موڵکیان بۆ دەربکات لەبەرامبەر ئەو کردەوە تێکدەرانەی ئەنجامیان داوەو ڕێگەشیان لێبگرن کە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە نێو ژیانی سیاسی،داواشی لە حکومەتی میسر کرد وریا بێت و لە حاڵەتی خاوبوونەوە بێتە دەرەوەو بە دەستی ئاسن لەوانە بدات کە گێرەشێوێنن وکار بکات بۆ سەپاندنی ئاساییش و چالاککردنی ئابووری و وەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی میسر.**


ئەسما حوسەینی / گوڵان

*** چۆن دەڕوانیتە ئەدای حکومەتی ئێستای میسر؟**

- ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە ئەم حکومەتە خەڵکی لێهاتوو و شارەزاو نیازپاکی تێدایە، بەڵام دەستیان لەم ڕووەوە دەلەرزێ و بەپێی پێویست کارناکەن، هەروەها حکومەت زیاتر حساب بۆ دەرەوە دەکات لەجیاتی ئەوەی بایەخ بە کێشەکانی میللەت بدات کە لە ٣٠ یۆنیۆ ڕاپەڕینی کرد، لە لایەنی دەستوورەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەندامانی لیژنەی دەستوور، کەسانی کەم لێهاتوو و کارامەیان تێدایە،چونکە داڕشتنی دەستوور ئەرکی مامۆستایانی یاسای دەستووری نییە بەتەنیا، بەڵکو بە پلەی زۆر پێویستە سیاسەتمەدارو کۆمەڵناس و ئابووریناس و پسپۆڕانی دیکە بەشداری تێدا بکەن،هەر ئەمەش وای کردووە کە داڕشتنی دەستوور بە ناتەواوی بمێنێتەوە، هەروەها لە قۆناغی ئێستادا لەگەڵ واقیعی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشبیریی کۆمەڵگەو واقعی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ودەوروبەری میسر نەگونجێت، ئەم هەموو فاکتەرانە ترسی ئەوە درووست دەکەن کە ئەو دەستوورەی ئێستا دەنووسرێتەوە ببێتە دەستوورێکی کاتی و بۆ چەندین جاریش هەموار بکرێتەوە تاکو واقعی و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی میسرو گۆڕانکارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بەدی بێنێت.

*** هەندێ لە کەسایەتییەکانی نێو حکومەتی ئێستا بیرۆکەی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ ئیخوان خستەڕوو، بەڕای تۆ ئەم بیرۆکەیە تا چەند ڕاستە؟**

- ئەوانەی ئەم بیرۆکەیە پێشنیاردەکەن وادەزانن کە لەتوانایاندایە بارودۆخەکە بەم ڕێگەیە هێوردەبێتەوە، بەڵام بەڕای من ئەم لێکدانەوەیە هەڵەیە لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە حکومەتی ئێستا



حکومەتی شۆڕشە و وا پێویستی دەکرد کە ڕێکاری شۆڕشگێڕی ئەنجام بدات لە ماوەی گواستنەوە جا کورت بێت یان درێژ، نەك بۆ بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی خەڵك بەڵکو بۆ دانانی بنەماگەلێکی دروست بۆ ئەوەی ئەو گەلەی لە ٣٠ ی یۆنیۆ شۆڕشی کرد بزانێت کە هیواو خواستەکانی لە شۆڕشدا هەندێکیان بە ماوەیەکی کەم و ئەوانی دیکەش لە ماوەیەکی مامناوەندی دێنەدی.

هۆکاری دووەمیش ئەو شێوازە نەرمەی مامەڵەکردنە لەگەڵ حزبی نور و حزبەکانی دیکە کە مەرجەعییەکەیان ئایینیە هەموویان بەیەکەوە پەیوەستن و لەژێر ناوی (ڕەوتی ئیسلامی)، ترسی ئەوەشی لێدەکرێ کە ئەو خەڵکەی لە ٣٠ ی یۆنیۆ ڕاپەڕین تووشی شکست و بێ ئومێدی ببن، چونکە گەلی میسر ترسی لەوە هەیە سەلەفی و ئیخوان ئەلتەرناتیفی داهاتوو بن، دواتر بکەونە نێو گێژاوێکەوە ئاڵۆزتربێت لەو کارەساتەی کە حوکمی ئیخوان بەسەر وڵاتیدا هێنا، بەتایبەتیش کە هەندێ لە سەرکردەکانی حزبی نور ئێستا بەدوای پشتیوانیی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێن، هەروەك چۆن پێشتر ئیخوان کردیان، بێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ دروشمێکی ئیسلامی یان دروشمەکانی دژبە ڕۆژئاوا بکەن بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە بەرزیان کردبۆوە بۆ جووڵاندنی شەقام.

هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە قسەکردن لەسەر ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیخوان زۆر پرسیاری تر دەوروژێنێت، ئایا لەنێوان ئیخوان و حکومەتدا دەبێت یان لەنێوان ئیخوان و گەلدا؟ ئەگەر لەگەڵ حکومەت بوو ئەوا حکومەتەکە دەسەڵاتی پێ نەدراوە، جا ئەگەر لەگەڵ گەلیش بوو، ئەوا گەل بوونی ئیخوان لە ژیانی سیاسیدا ڕەت دەکاتەوە، مەترسییەکە زیاتر لەوەدایە کە ئاشتبوونەوەکەی نێوانیان بەیەکسانی ئەنجام بدرێت، نەك لەنێوان دەوڵەت و ئیخوان، ئەوەی باسی ئاشتبوونەوە دەکات ئەوا ئیخوان بە ڕکابەریی حکومەت لەقەڵەم دەدات، ئەوەشیان بە هەموو شێوەیەك ڕەتدەکرێتەوە، پاشان ئەو ئاشتبوونەوەیە لەسەر چییە، ئایا لەسەر مانەوەی ئیخوانە وەك ڕێکخستنێکی سیاسی، بەڕای من بابەتی ئاشتبوونەوە بە هیچ شێوەیەك مانای نییە،تەنیا ئەگەر ئیخوان داوای لێخۆشبوون و لێبووردەیی بکەن لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی دەرحەق ئەم گەلە ئەنجامیان داوە،نەك هەر ئەمە،بەڵکو بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستەکانیان لە ناوەوە دەرەوەدا و هێنانەوەی پۆزش بۆ گەلی میسر، ئامادەیی خۆشیان پیشان بدەن کە وەك هاووڵاتیان کاربکەن و بەشداریی ژیانی سیاسی بکەن لە چوارچێوەی حزبە نیشتمانییە نائایینییەکانی میسر،لەو حاڵەتەشدا دەکرێ ڕاپرسی لەنێو گەلدا بکرێت کە لەلایەن ئیخوانەوە تاوانیان دەربارە کرا.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی ئابووری و چۆنیش دەتوانرێت بەرەوڕووی ئاستەنگەکانی ببنەوە؟**

- پێویست بوو پارەو سامانەکە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی لە گوندەکانی میسر تەرخان بکرابایە بۆ دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو دابینکردیی ئاوی پاکی خواردنەوەو دامەزراندنی تۆڕەکانی ئاوو ئاوەڕۆ و ڕێگاوبانەکان، کە بەمەش هەلی کار بۆ بێکارەکان دابین دەکرێت و داخوازی لەسەر بەرهەمی خۆماڵی زیاد دەکات و کارگەو دامەزراوەکانی لە کارکەوتوو جارێکی دیکە دەبووژێنەوەو دەکەونەوەکار،وێڕای ئەو بارودۆخەش هێشتا دەرفەت لەبارە بە دوو ئاراستە، لەماوەیەکی کورتدا ئەویش لەمیانی کەم کردنەوەی خەرجیی خزمەتگوزاریی بۆ کەمترین ئاست لەناو پایتەخت و گواستنەوەی ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە تێکچووەکانی سەعید و سینا لە پێناو فەراهەمکردنی کەمترین پێداویستیی ژیان، بەڵام ڕەهەندی دووەم بریتییە لە دابەشکردنی ڕووبەرێکی فراوانی زەویی حکومەت بەسەر هەژاراندا لە نۆبەو سینا و سەعید بەمەبەستی چاککردن و چاندنیان بە بەروبوومی کشتوکاڵی، هەروەها داوا لە خاوەن سامان و پارە و بزنسمانە نیشتمانپەروەرەکان بکرێ تا بەشداری بکەن لە ئامادە کردنی ئەو زەویانەو دابینکردنی کەرەستەکانی چاندن لەبەرامبەر ئەو پارچە زەوییانەی کە پێیان دەدرێت، بە مەرجێك سوپا ڕێگاکان خۆش بکات و جۆگەیان بۆ لێ بدات و کارەبایان بۆ دابین بکات.

*** بۆچی داواتکرد کە لە دەستووردا بەدەق بنووسرێت کە گەلی میسر گەلێکی ئەفریقییە، ئایا ئەمە ناکۆك نییە لەگەڵ عەرەبێتیی ئەم گەلە؟**

- چونکە بەحوکمی جوگرافیاو مێژوو و سەرجەلە گەلێکی ئەفریقییە، هەروەها گەلێکی عەرەبییە بە حوکمی زمان و کلتوور، گەلێکی موسڵمان و کریستیانیشە بە حوکمی بیروباوەڕ، دواتر کەس ناتوانێ مشتومڕ لەسەر ئەوە بکات کە گەلی میسر بە درێژایی مێژوو و تا ئێستاش لەسەر زەویی کیشوەری ئەفریقیا ژیاوەو دەژێت، ئینجا ڕەتکردنەوەی سیفەتی ئەفریقی بوون لەسەر گەلی میسر وای لە هەندێ لایەنی فەرمی و ئەفریقی کرد بەشێوەیەك سەیری گەلانی باکووری ئەفریقیا بکەن کە گوایە شەڕخوازن، بێجگە لە قیبتییەکان و نوبییەکان لە میسرو سودان و ئەمازیغییەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا بە هەموو بەڵگەیەکی دژایەتیکردن کە ئێمە هۆکاری ئەوە بووین کاتێ دانمان نەنا بە ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان و سەرجەلەی گەلی میسر.

*** ئایا حوکمی ئیخوان لە میسر کاریگەریی هەبوو بۆ سەر پەیوەندییەکانی میسری و ئەفریقی؟**

- بەڵێ، بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلامی لە میسر ترسی خستە نێودڵی دەوڵەتانی حەوزی میسرەوە، چونکە ئەوان پێشتر کارو کردەوەکانی ڕژێمی سودانیان بینیبوو کە ئەم ئاڵایەی بەرزکردەوەو پشتی بە زۆر گرووپی ئیسلامی بەست، لەوانە ئوسامە بن لادن و مارکۆس و ئەفغانییە عەرەبەکان،کە وای لە هەندێکیان کرد پەلاماری دەوڵەتانی دراوسێ بدەن، بۆیە ئەم دەوڵەتانە ناچاربوون پشتیوانیی لە سەربەخۆیی باشووری سودان بکەن، تاکو ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەو شەپۆلە کە بە جۆرێك لە تیرۆریان لەقەڵەم دا، ئەوان ئەوەندەیان بەس بوو کە ببینن لە سۆماڵ ململانێ لە نێوان ئەولایەنانە لە ئارادایە کە هەموویان خۆیان بە ئیسلام دەزانن، هەروەها هەندێکیان کردەوەی تیرۆی لەنێو وڵاتانی دراوسێ ئەنجام دەدەن، بۆیە بەرزکردنەوەی هەمان ئاڵا لەلایەن ئیخوانەوە لە میسر بووە هۆی نانەوەی ئاستەنگ لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی میسردا لەگەڵ دەوڵەتانی حەوزی میسر و دواتر بووە هۆی پەیداکردنی گرژیی لە پەیوەندییەکانی میسر لەگەڵ ئەو وڵاتانە.

**ڕەتکردنەوەی سیفەتی ئەفریقیبوون لەسەر گەلی میسر وای لە هەندێ لایەنی فەرمی و ئەفریقی کرد بەشێوەیەک سەیری گەلانی باکووری ئەفریقیا بکەن کە گوایە شەڕخوازن**

**حکومەتی میسر زیاتر حساب بۆ دەرەوە دەکات لەجیاتی ئەوەی بایەخ بە کێشەکانی میللەت بدات کە لە ٣٠ یۆنیۆ ڕاپەڕینی کرد**

**بەحوکمی جوگرافیاو مێژوو و سەرجەلە گەلێکی ئەفریقییە، هەروەها گەلێکی عەرەبییە بە حوکمی زمان و کلتوور، گەلێکی موسڵمان و کریستیانیشە بە حوکمی بیروباوەڕ**

# پەروەردەو خوێندن وەک بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستاندا

لەدوا هەڵسەنگاندندا بۆ (٢١٢٥٠) زانکۆ و کۆلیژ لە جیهان، هەردوو زانکۆ لە کوردستان لە ریزئەو ناوەندانە هاتن کە لەکۆتایی نیوەی یەکەمی لیستەکەدان و ئەوانی دیکەش لەوانە زانکۆ تایبەتییەکان لە نیوەی دووەمدا بوون لەکاتێکدا کە سێ لەو زانکۆیانە لە ریز خراپترین ١٥٠٠ زانکۆی جیهاندا بوون، کە پەرەپێدانی رۆڵی زانکۆ دەسەپێنێ لە بەشداریکردنی کردەیی پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووری لە کوردستان بۆ گەیشتن بە ئەوەی کە بە Market–oriented University ناسراوە، دیارە یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی زانکۆ دێرینەکانی جیهان بریتییە لە چۆنیەتیی ئامادەکردنی تاک بۆ بیرکردنەوە و کارلێک بەو زانیارییانەی کە مامۆستا یان وانەبێژ دەیخەنەڕوو و نەک پرۆسەیەکی ئەزبەرکردنی ئاساییە کە لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە.

**راپۆرتی دکتۆر ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی**



گومانی تێدا نییە کە ڕەگوڕیشەی پەروەردەو خوێندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتیی کەلتوورەکەی بنیاد دەنرێت کە وەك ناسنامەیەکی ڕۆشنبیری بۆ چەندین سەدەیە درێژەی هەیە، هەروەها پێویستە پێشکەوتنی شارستانیی گونجاو بێت و بە دەرهاوێشتەی چاخی تازە دەوڵەمەند کرابێت، لە کۆنەوە ولە دەوڵەتانی دێرینی وەکو هیندستان و ژاپۆن و چین و دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیی زیاتر مۆدێرن، بەری پەروەردەو خوێندن باشییەکەی لە گونجانێکی تەواوی نێوان ڕەگی ناسنامەی کەلتووری و تازە داهێنانی پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی وەردەگرێت، بەقەد ئەوەی کە زمانی دایك پیرۆزەو هەیبەتی خۆی هەیە ئەوەندەش وا پێویست دەکات زمانێکی تەکنیکی هەبێت بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستیدا، لەبەر ئەوە هاوکێشەکە پێویستی بە ئەنجامدانی هاوسەنگییەك هەیە لە نێوان ڕەسەنایەتی و مۆدێرنێتە بۆ گەیشتن بە سازان و تەواوکاری لە نێوان پەروەردەو خوێندندا، ئەرکی پەروەردەش دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و دەوڵەت بۆ دروستکردنی کەسایەتیی منداڵ لە قۆناغەکانی بەرایی ژیانیدا تاکو خۆی بناسێت و بگاتە قۆناغی ئەرێنی تاکگەرایی کە دەگونجێ لەگەڵ ئەو بەرهەمهێنانەی لە هەر تاکێکی کۆمەڵدا پێویستە، دەبێ ئەم تاکگەراییە ئەوە بزانێت کە سیستەمێك لە دەزگای دەوڵەتدا هەیە توانای بەسەر هەموو شێوازەکانی ڕێکاریی و بەسەر(من)ی تاکگەراییدا هەیە، تاکو بە ئەرکەکانی پابەند بێت بەر لەوەی مافی ئەوەی هەبێت کە مافەکانی هاووڵاتیبوونی هەبێت. نهێنیی ئەو هەڵسانەوەیەی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە لەو هاوسەنگییە وردەدایە لە نێوان ماف و ئەرکەکان و لە نێوان ڕەسانەیەتی و مۆدێرنێتە بۆ گەیشتن بە دیموکراتییەتی پەرەپێدان.

ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لە عیراق کە لە (UNDP) لەساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە، هەروەها ڕاپۆرتی پێشووی لە ٢٠٠٤ و ڕاپۆرتی دواتر لە ٢٠١٣ دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێوەری ئاوێتەیە چەندین ئاماژە لەخۆدەگرێت کە بەسەر سێ ڕەهەندا دابەش بووە:

- تەمەن درێژیی.
- ئاستی پلەی زانستی.
- توانای کارکردن بە داهات لەپێناو ژیانێکی گونجاودا.

ئەم ڕێبەرە دووپاتی دەکاتەوە کە یەکێك لە ئاستەنگەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بریتییە لە لێنەهاتوویی پلەی زانستی و کەموکوڕیی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری کە بەگشتی پێویست بە دیدگایەکی ئاییندەیی پەرەپێدانی مرۆیی دەکات لە ناوچەکەدا.شایەنی باسە بڕوانامەی زانکۆ لە زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو بە کۆتایی پلەی زانستی ناژمێردرێت، بەڵکو ئەوە سەرەتایە بۆ ئەوەی کە بە فێرکردنی گەوران (Adult Education) ناسراوە ئەویش بریتییە لە کۆرسی چڕوپڕ و خولی ڕاهێنان کە کۆتایی نایەت و داخوازییەکان و دینامیکییەتی بازاڕی کار بەبەردەوامی پێویستی پێی دەبێ.

لە ئێستادا ١،٦ ملیۆن قوتابی لە قوتابخانەکانی حکومیی لە کوردستاندا هەن لەگەڵ زیادبوونی ساڵانە بە تێکڕایی ١٣٠٠٠٠ قوتابی، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە KRG دەرچووە باس لەوە دەکات ڕێژەی ٢٣٪ ی نەخوێندەواری هەیە لە کۆی پێنج ملیۆن کەس لە کاتێکدا ڕێژەی بێ بڕوانامە لە دانیشتوان کە لەسەرووی سەرەتاییەوەیە دەگاتە ٢٩,٦٪ لەهەرێمی کوردستان، ئەمەش مانای وایە کە یەك کەس لە نێو سێ کەسدا لە تەمەنی ١٢ساڵی و بەسەرەوە نەخوێندەوارن و هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنیان نییە، لەلایەکی دیکەوە گرفتێکی دیکەی ئێستا بریتییە لە ئەو قەرەباڵغییەی لە قوتابخانەو زانکۆکاندا هەیە کە ساڵانە ١٠٧٠٠٠ قوتابی دەچنە زانکۆ لە کاتێکدا کە چڕیی قوتابیان لە یەك پۆلی زانکۆدا دەگاتە ٦٥ قوتابی ئەمەش کاریگەریی بۆ سەر پرۆسەی خوێندن هەیە، سەرەڕای گرنگیی کادیری مامناوەندیی خاوەن پیشەی دەستی لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری لە کوردستان، بەڵام دوورکەوتنەوە هەیە لە چوونە پەیمانگەو دواناوەندییە پیشەییەکان، ئەگەر کێشەی خودی شێوازی خوێندنیشی بۆ زیاد بکەین کە لە قوتابخانەو زانکۆدا بەدی دەکرێت لە دیاردەی بەسەردا خوێندنەوە کە خزمەتی پرسی پەرەپێدانی مرۆیی ناکات لە ئامادەکردنی تاك و هاووڵاتی کە ببێتە بەرهەمهێنی هزری یان پیشەیی.

لەدوا هەڵسەنگاندندا بۆ (٢١٢٥٠) زانکۆ و کۆلیژ لە جیهان، هەردوو زانکۆ لە کوردستان لە ڕیزئەو ناوەندانە هاتن کە لەکۆتایی نیوەی یەکەمی لیستەکەدان و ئەوانی دیکەش لەوانە زانکۆ تایبەتییەکان لە نیوەی دووەمدا بوون لەکاتێکدا کە سێ لەو زانکۆیانە لە ڕیز خراپترین ١٥٠٠ زانکۆی جیهاندا بوون، کە پەرەپێدانی ڕۆڵی زانکۆ دەسەپێنێ لە بەشداریکردنی کردەیی پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووری لە کوردستان بۆ گەیشتن بە ئەوەی کە بە Market-oriented University ناسراوە، دیارە یەکێك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی زانکۆ دێرینەکانی جیهان بریتییە لە چۆنیەتیی ئامادەکردنی تاك بۆ بیرکردنەوە و کارلێك بەو زانیارییانەی کە مامۆستا یان وانەبێژ دەیخەنەڕوو و نەك پرۆسەیەکی ئەزبەرکردنی ئاساییە کە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە، کە بەرپرسیارێتیی پێگەیاندنی کادیری وانەبێژی دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە کوردستان و ناتوانرێ پێشبینی زیاتر بکرێ لە نەوەی ئێستا کە کەوتوونەتە داوی هزری تەقلیدیی پەروەردەو فێرکردنەوە.

پێویستە ئاستی باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکان بە هەموو ئاستەکانیانەوە بەرزبکەینەوە بۆ ئەوەی

**بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستیدا، پێویستە هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان ڕەسەنایەتی و مۆدێرنێتە بۆ گەیشتن بە سازان و تەواوکاری لە نێوان پەروەردەو خوێندندا**

**ئەرکی پەروەردە دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و دەوڵەت بۆ دروستکردنی کەسایەتیی منداڵ لە قۆناغەکانی بەرایی ژیانیدا تاکو خۆی بناسێت و بگاتە قۆناغی ئەرێنی تاکگەرایی کە دەگونجێ لەگەڵ ئەو بەرهەمهێنانەی کە لە هەرتاکێکی کۆمەڵدا پێویستە**

**ئافرەت زیاتر بەرگەی بابەتە هزری و سۆزدارییەکان دەگرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوەی تازەپێگەیشتوودا هەر لە باخچەکانی ساوایانەوە**

**پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ناکرێ قوتابییەکی باش پێبگەیەنین بەبێ بەرزکردنەوەی ئەدایەکی چاکی خوێندن**

**لە ئەولەویاتی سیاسەتی پەروەردەو خوێندن لە کوردستان سوودوەرگرتنی راستەوخۆی هاووڵاتی و ئامادەکردنییەتی وەک توخمێکی بنیادنان،نەک وەکو فاکتەری بەکاربردن و بەهەدەردانی داهاتی سروشتی**

بگەینە ئەدایەکی باشـــی وانەبێژو مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگە باڵاکان لە کوردستان،ئەمەش مانای پێدانی ئەو دەزگایانەی خوێندنە بە هەموو ئەو شـــتانەی پێویستیان پێیەتی لـــە هۆیەکانی تاقیگــــەو تەکنیکی هاوچەرخی وانەگوتنەوە و هۆیەکانی روونکردنەوەو رێکیی جەســـتەو هزرو کتێبخانەی مۆدێرن.

پێویســـتە دان بەوەدا بنێین کە ناکـــرێ قوتابییەکی باش پێبگەیەنیـــن بەبـــێ بەرزکردنـــەوەی ئەدایەکی چاکی خوێندن،کە لەسەر راهێنەران یەکەم شت پێویستە (Training of Trainers) بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی راهێنانی کادیرانـــی خوێنـــدن، گرنگیشــــە لە هەر پرۆســـەیەکی گواســـتنەوەی زانیاری(Transfer of Knowledge)و بۆ پەرەپێدانی سیســـتەمی ئێســـتا و گەیاندنی بە ریزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، کە پێویستە پرۆسەی گواستنەوە (Transformation)کە گونجاوە لەگەڵ هەلومەرجەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ سەرجەم پرۆســـەی گواستنەوە کە نیازی جێبەجی کردنی هەیە،بە پێچەوانەی ئەمەش پرۆســـەی گواســـتنەوە بێ ســـوودەو هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتـــەوە، لەلایەکەی دیکەی هاوکێشـــەکە پرۆسەی خوێندن لە قۆناغی ئامادە کـــردن و پەروەردەکردنی تـــاك بۆ خزمەتـــی کۆمەڵگە جیا نابێتەوە، شـــایانی باســـە گرنگترین تەحەددی کە رووبـــەڕووی کۆمەڵگاکانی

دوای ململانێکان دەبێتەوە Post-conflict Society)) بریتیە لـــە چۆنێتـــی یارمەتیدانی ئافـــرەت کە بتوانێ ڕۆڵی پێویســـتی خۆی لە پەروەردەکردنی نەوەکانی دوای شـــەڕەکان ببینێت،چونکە ئافرەت زیاتـــر بەرگەی بابەتە هزری و ســـۆزدارییەکان دەگرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوەی تازەپێگەیشـــتوودا هەر لە باخچەکانی ساوایانەوە. کوردستانیش زیاتر پێویستی بە کاراکردنی رۆڵی ئافرەت و دایکە بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لە ماڵ و قوتابخانەو و بـــازاڕی کار و کۆمەڵگەی مەدەنـــی، ئەزموونەکانی تورکیای دراوسێ ســـەلماندوویانە کە فێرکردنی منداڵان بەبێ بەشـــداریی و یارمەتیی دایك کـــە بتوانێت ڕۆڵی پشـــتگیریی بـــۆ قوتابیـــان ببینێت، پەرە ناســـەنێت. بۆ زانیاریش ئەزموونەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا گرنگیی رۆڵی پشتیوانیکاری خێزانیان لە پەروەردە و فێرکردن سەلماندووە، بە جـــۆرێ یارمەتیدانی دایك بۆ ئـــەوەی بتوانێت رۆڵی هەبێت پێویستی بە کۆمەکێکی مانگانەی خێزانی هەیە بۆ مێردمنداڵان.ئەمڕۆش لە کوردستان دایك زیاتر پێویستی بەو رێزلێنانە هەیە، کە پارێزگاری لە خۆی و رۆڵی پێشەنگی دەکات لە پاراســـتنی خێزان لە مەترسیی پەرتەوازەبوون کە لە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشـــە کۆمەڵایەتی و



ئابوورییەکان دێتە ئاراوە.
هەریـــەك لە دیـــدگای داهاتووی پـــەروەردەو خوێندن و پێویســـتییەکانی پەرەپێدانی سامانە مرۆییەکان پێویستیان بە ئیرادەیەکی سیاســـی هەیە بەمەبەســـتی ئامادەکردنی کادیر بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەمەندترین داهات لە کوردستان.
بێگومـــان لە ئەولەویاتی سیاســـەتی پـــەروەردەو خوێندن لە کوردستان ســـوودوەرگرتنی راســـتەوخۆی هاووڵاتی و ئامادەکردنییەتـــی وەك توخمێکـــی بنیادنەر، نەك وەکو فاکتـــەری بەکاربردن و بەهەدەردانی داهاتی سروشـــتی، بەجۆرێك پێویســـت دەکات چارەســـەری لاوازیی ناوخۆی سامانی مرۆیی و بنیادنانی بنەماکانی ژێرخانی ناوخۆیی بکرێت کە دەتوانێت گۆڕانکاریی پێویست بکات لە ئەدای ئێســـتا کە لاوازیی پێوە دیارە بـــەرەو ئەدایەکی چاکتری بەرهەمهێنان،بۆیە دەبـــێ ئامانجەکانی پەرەپێدانی مرۆیـــی پێویســـت بهێنرێتەدی، ئەویـــش بـــە ئەنجامدانی هاوســـەنگیی کۆمەڵایەتی – ئابووری وەك داخوازییەکی گرنگـــی بەرەوڕووبوونەوەی تەحەددیەکانی ئەم سەردەمە لەمیانی وێنەکێشانی ئاکارەکانی سیاسەتی پەروەردەو خوێندن بۆ گـــەورەو بچووکان ولە چوارچێوەی ئامانجی ســـتراتیجی بـــۆ ئامادەکردنی هێزی کارگەری بەتوانـــا و خاوەن زانیاری(Knowledge) و رەفتارەکانی کار(Attitudes) و شـــارەزاییەکانی پێویست(Skills) لە بازاڕی کارکردن بەرەو بەرزکردنی فاکتەری بەرهەمهێنان (Productivity ) و شیاویی ئەنجامدان (Efficiency) بۆ گەیشتن بە بەردەوامیی سامانی سروشتی.

